Article

IJOKS

**International Journal of Kurdish Studies**
(ISSN:2149-2751)
2 (3), pp. 58 – 79
*http://www.ijoks.com*

# Education and improvement of Kurdish written language: some newspapers and magazines of the beginning of 20th century as examples

***Halmat Baiz Rasool***[1]

**Received**: February 01, 2016 **Reviewed**: March 03, 2016 **Accepted**: March 21, 2016

## Abstract

The issues of Kurdish Language and Kurdish Language Identity has been highly evident through the beginnings of twentieth century. The significant changes that took place in political and cultural aspects in Kurdistan has gave the birth of numerous journals and magazines which clearly expressed the general circumstances of the twentieth century. This research under the title "Issue of Literacy and Kurdish Written Language in Certain Journals and Magazines in the Early Twentieth Century" aims to provide a wide analysis on the related issues expressed through the common journals and magazines. The research covers five journals and magazines issued between1920-1932 and shades light on a number of efforts done by the Fourth Power (Power of Journalism) to highlight the language and Kurdish language study issues as a national privileges after the effects caused by the division of Kurdistan, Iraqi Government establishment and the British policy in the region. The common challenges can be literacy encouragement, spelling, language purification and requests to solve schools' problems, and these challenges will be the discussing topics in the research. There are many external and internal factors that caused the given challenges, that's why the writers and journalists boldly and eagerly discussed the challenges and were part of the solutions by giving suggestions and pointing the weaknesses through various techniques and evidences.

**Recommended citation:**
Rasool, H. B. (2016). Education and improvement of Kurdish written language: some newspapers and magazines of the beginning of 20th century as examples. *International Journal of Kurdish Studies* 2 (3), 58– 79.

[1]. Lecturer, Department of Kurdish language, Faculty of art, Soran University , Soran Erbil, Kurdistan Region – F.R. Iraq. email; Halmat.rasool@soran.edu.iq

# پرسی خوێندن و پێشكەوتنی زمانی نووسینی كوردی: لە نمونەی چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێكی سەرەتای سەدەی بیستەمدا

هەڵمەت بایز ڕەسول

## پێشەكی

پرسی زمان و ناسنامەی زمانی كوردی و خوێندنی كوردی وەك یەكێك لە دیارترین دەرهاوێشتەكانی ئەو گۆڕانكارییانەی لە بواری ڕۆشنبیری و سیاسی لە كوردستان، وەك دەستكەوت بەتایبەتی لەسەرەتای سەدەی بیستەم دەركەوتوون، وەك كردنەوەی قوتابخانە كوردییەكان و دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤارە كوردییەكان و دامەزراندنی كۆمەڵە و یانەی كوردی بەتایبەتی لە پێناو پاراستنی زماندا ئامانجی خۆیان ڕاگەیاندووە، هەروەها هەوڵەكانی دەستەی قوتابخانەكان و دامەزراوەی زانستی و بەتایبەتی هەوڵە تاكەكەسییەكان وەك نەخشە ڕێگایەك بۆ پاراستنی زمانی كوردی و برەودان بە خوێندنی كوردی و پاككردنەوەی زمانی كوردی لە وشەی بێگانە كاریگەری زۆر باشیان نواند, تا ئاستێك هەوڵە سەرەتاییەكان بوونە نەریتێك و وردەوردە شوێنی خۆی گرت و پلانی زمانی كوردی وەك زمانێكی پەتی و كاریگەر هاتەكایەوە.

ئێمە لەم لێكۆڵینەوەیەدا، زیاتر هەوڵە تاكە كەسییەكان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكاندا بۆ پرسێكی گەورەی نەتەوەیی وەك خوێندن و بایەخدان بە زمانی كوردی لە ژێر ناونیشانی (پرسی زمانی نووسینی كوردی و پێشكەوتنی زمانی كوردی لە نمونەی چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێكی سەرەتای سەدەی بیستەمدا) دەخەینەڕوو، وەك سنور لە چوارچێوەی چەند نمونەیەكی ڕۆژنامە و گۆڤارێكی كوردستانی باشوردا كارمانكردووە، وەك (ڕۆژنامەی پێشكەوتن 1920- 1922 لە سلێمانی، گۆڤاری دیاریی كوردستان 1925- 1916 لە بەغدا، ڕۆژنامەی ژیانەوە 1924-1926 لە سلێمانی، گۆڤاری زاری كرمانجی 1926-1932 لە ڕواندز، ڕۆژنامەی ژیان 1926-1937 لە سلێمانی"نمونە وەرگیراوەكانی ئەم توێژینەوەیە تا 1932") وەرگیراوە.

ئەم لێكۆڵینەوەیە، وەك ئامانجێك لە ڕێی پەیامی ڕۆژنامە و گۆڤارەكانەوە هەوڵدەدات پەنجە بخاتە سەر چەند هۆكارێك لەو هەوڵو كۆششانەی وەك دەسەڵاتی چوارەم لەبەرامبەر پرسەكانی زمان و خوێندنی كوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە دوای دابەشكردنی كوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و سیاسەتی ئینگلیز و دەسەڵاتی عێراق بۆ بەرجەستەكردنی ماف و مانەوەی ناسنامەی كوردی پێشكەشكراون. وەك هەستێكی نیشتمانی و ئەركێكی ڕۆشنبیر بەتایبەتی لە ڕابردوودا هەوڵێكی سەركەوتوو بووە، زۆر ڕەنجی بۆدراوە لە ڕووی چەندایەتییەوە زۆرە و لەرووی چۆنایەتیشەوە پێویستی بە هەڵوەستە لەسەر كردن هەیە .

ئەم لێكۆڵینەوەیە وەك گرنگی وێڕای دیاركردنی هەوڵە تاكە كەسییەكان، ماف و دەسكەتەكانی قۆناغێكی مێژوویی، یەكێك لە بایەخە دیارەكانی بریتییە لە وروژاندنی كۆمەڵێك بابەتێك، كە دەكرێت لە داهاتوودا ببنە ناونیشانی لێكۆڵینەوەی ئەكادیمی بەشێوەیكی وردبینانەتر و وردتر هەوڵەكان لە ڕووی زانستییەوە دەربخرێن.

ئەم لێكۆڵینەوەیە بەپێی هەواڵ و نووسینەكان و سەرنجەكانی ناو ڕۆژنامە و چەند بابەتێك لە خۆدەگرێت وەك : ناسنامەی زمان و ڕەنگدانەوەی لایەنی ڕێنووس و هاندانی خوێندن و گرنگی دان بەخوێندن لە ڕۆژنامە گۆڤارەكان، هەروەها ئەو هۆكارانەی بوونەتە كۆسپ لەبەردەم خوێندن و خوێندەواری لە كوردستاندا.

### ڕەگە سەرەتاییەکانی پرسی زمان و خوێندنی کوردی

سەرەتای نووسین و پیادەکردنی زمانی کوردی وەك ناسنامەی نەتەوە، ڕەگە سەرەتاییەکانی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هەولێ شاعیرانی کلاسیکی کوردی، هەوڵەکانی ئەوان لەو کاتانەدا بوو, کە زمانی کوردی نامۆبوو، زمانەکانی تری وەکو فارسی و عەرەبی و تورکی وەك زمانی نووسین لە کوردستاندا باوبوون. بەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ ئەو کات لەبەرامبەر ئەو هەموو لەمپەرانەدا زۆر ئەستەم بوو، کە شاعیران بە شانازییەوە زمانی کوردیان بەکارهێناوە، لە شیعرەکانیشیاندا ڕەتی ئەو بۆچوون و لەمپەرانەشیانکردووە، کە دژی زمانی کوردی وتراون، سەردەمانێك پێیان وابوو زمانی کوردی و شاعیرانی کوردی ناتوانن وەك شاعیرانی تری بیانی توانستە زمانی و شیعرییەکانی خۆیان بخەنەڕوو، بەو واتایەی زمانی کوردی لەشیعری کوردیدا، شۆڕشێکی گەورە و خۆپارێزی و برەوپەیداکردنی زمانی کوردی بوو.

وەك نمونەی گەشەکردنی زمان و پەردان بەزمانی کوردی، حاجی قادر وەك شاعیرێك نمونەیەکە لە برەودان بە زمانی کوردی لەپاڵ وشەی کۆن سەر بەجیهانی ئیسلامی چەندین زاراوەی کوردی خۆماڵی بەکارهێناوە و دایڕشتوون، کە لە ئەدەبی ئیسلامیدا وێنەیان نییە، کە پێشتر لای شاعیرانی تر بەرچاو نەدەکەوت، تەنیا لای شاعیرانی دیالێکتی گۆران نەبێ لە شیعری (گوتم بە بەختی خەواڵو) وشەی" خرینگ، هوڕ، قولینگ، قەتارۆ، شەهێن، چریکە، پیرە پیر، سمکۆڵ، گاکێوی، گای زەمین، گاوی سەما" بەجۆرێك بەکارهاتوون، زیاتر لە کەرستەی فۆلکۆری و سامانی نەتەوەیی وەرگرتووە[1].هەر ڕێچکەی ئەوانیش بوو دواتر لەڕۆژنامە و گۆڤارەکان شوێنی خۆی گرت و پەرەیان پێدا لەخوێندنی فەرمیش کاری پێکرا.

هاوشانی زمانی شیعری کە لە سەدەکانی ڕابردوو، خوێندنی کوردیش بەتایبەتی لەسەرەتای سەدەی بیستەم هاوکاتی گۆڕاکانکارییە ئابووری و سیاسییەکانی وەك بابەتێکی هەستپێکراو بۆ پێشکەوتنی وڵات و پەروەردەکردنی نەوەکان بەپێویست زانراوە، بۆیە ئەم بابەتە چ لە لایەن شاعیرانەوە، بێت یان لە لایەن ڕۆژنامەنووس و نووسەرانەوە بێت، بەهەند وەردەگیرێت، پرسی خوێندن و خوێندەواری هەر لەگەڵ دەستپێکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی (کوردستان) لە ساڵی 1898 لە قاهیرە دەردەکەوێت، هەروەها لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لە ساڵی 1913 لە ئەستەمبوڵ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تری ناوچەکانی کوردستان، بەردەوام بانگەشەی خوێندەواری دەدرێت، هۆکاری جۆراوجۆریش وەهاندانی خەڵك بۆ خوێندەواری بۆ پێشکەوتنی میللەت باس دەکرێن، ئەم جۆرە هەناسەیە لە ڕۆژنامەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان، بابەتێکی گەرمی سەردەمی خۆی بووە، بە ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستان پەیوەست نەبووە.

### ئامانجە زمانییەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم

هاوکاتی داگیرکردنی عێراق و کوردستان لە لایەن ئینگلیزیەکانەوە، بواری بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی هاوکاتی دەسەڵاتی ئەوان وەك مافێکی مەدەنی پیادەکراوە، وەکو چاپکردنی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی/1918) لە بەغدا و دامەزراندنی چاپخانەکەی (مێجەرسۆن) لە سلێمانی و دەرکردنی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن/1920-1922)، ئەمە وەك مێژوو بۆ زمان و بوژانەوەی زمانی کوردی سەرەتایێکی گرنگ بوو، دواتریش ڕۆژنامەگەری کوردی لە باشوری کوردستان گەشەی کرد و درێژەی پێدرا. (مێجەرسۆن) نمونەیەکە لەو هەوڵە سەرەتاییانەی پێش ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی کوردستانی عێراق، چ وەك (مێجەرسۆن) خۆی، یان بیروڕای کەسانی تری لە ڕۆژنامەکەدا باسی زمانی کوردی و پێویستی زمانی کوردی و پەتی بوون و دانانی وشەی کوردی لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) بەرچاوە.

هەوڵی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە کوردستانی باشوردا یەکێك بوو لە گرنگترین ئەو هۆیانەی کە ڕۆڵێکی گرنگی لە بایەخدان بە زمانی کوردی، وەك پاکردن لە وشەی بێگانە و برەوپێدانی زمان و هاندانی خوێندنی کوردی بینی، چونکە دەرگا بۆ خوێندنەوە و شارەزابوونی نووسینی کوردی بە شێوازێکی تازە پێشوازی لێکرا، دواتریش وەك دەسەڵاتی چوارەم، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان وەك زمانحاڵی مافەکانی کورد بەتایبەتی زمانیان کردە دروشم، واتە ((ڕۆشنبیرانی کورد لەو سەردەمەدا کردنەوە و خوێندنگە و بڵاوکردنەوەی خوێندەواریان کردووە بە یەکێ لە خواستە هەرە پێویستییەکانی ئەو قۆناغە. لە هەرکوێیەك هەلێکیان بۆ هەڵکەوتبێ ئەم داوایەیان دووبارە کردۆتەوە))[2]، بۆیە هاوکاتی بڵاوبوونەوە و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان پرسی زمان وەك ڕەهەندێکی مانەوەی کورد بەرامبەر بە سیاسەتی داگیرکاری سەیر کرا، بەتایبەتی سەرنوسەر و بەڕێوەبەرایەتی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو کات بەهاوکاری کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیرانی کورد هەرگیز ئەم ئامانجەیان وەلا نەناوە، چونکە ((وشەی چاپکراو لە گرنگترین

بەکار هێنانیداو لە قولترین کاریگەریدا خۆی لە زمانی ڕۆژنامەنوسیدا دەبینێتەوە نفوزێکی گەورەی لە زمانی جەماوەردا هەیە))[3] ، بۆیە دەکرێ بڵێین هۆکاری گرنگی پێدانی زمانی کوردی دەرفەتێکی زێڕین بووە, لە ڕێی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە زۆر بەباشی ئامانجەکانی خۆی پێکاوە.

دەکرێت ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی سەرەتا، وەك هەوڵێکی تاکەکەسی ناو ببەین، بۆ نمونە (حوسێن حوزنی) دوای ئەوەی چاپخانەکەی لە ڕەواندز دادەمەزرێنێت, گۆڤاری (زاری کرمانجی 1926-1932) دەردەکا، بە هەوڵو ماندووبوونی خۆی، وێڕای کاری هونەری گۆڤارەکە و زۆربەی بابەتەکانیش خۆی ئامادەی کردووە، لە نێویشیاندا بیروڕای خۆی لە بارەی فەرهەنگ و زمانی کوردی خستۆتەڕوو، بەتایبەتی پەروەردەو فێرکردن لە ڕووی چەندایەتییەوە زۆر بەبایەخەوە باسکراوە، تەنانەت لە گۆڤاری (زاری کرمانجی) دروشمی خزمەتکردنی زمانی کوردی وەك ئامانج لە لایەنی کرداری ڕۆژنامە و گۆڤارەکە ڕەنگی داوەتەوە، حوسێن حوزنی لە لاپەڕەی یەکەمی دوای بەرگی گۆڤارەکە، نووسینێك بەناوی سەید حوسێن دەنووسێ و دەڵێ: ((هەرچەند سالێك ئەوانەم لە خەیاڵخانەدا هێناو برد تاکو ئەو مەتبەعەیەم هێنا گۆرێ بۆ نەشریات گەیاندمە ڕەواندز سەبەبی تەسمیەی زاری کرمانجی ئەمەیە کە خزمەتی لوغەتی قەومی کوردانو تاریخو ئەدەبیاتو سنعەتو فەن))[4].

بەهەمان شێوەش ڕۆڵێ پیرەمێرد کە یەکێك بوو لە سەرپەرشتیکارانی ڕۆژنامەی (ژیان 1926 1938)، خۆی سەرپەرشتی کارەکانی کردووە، هەوڵی پارستنی زمان و پاراوکردنی زمانەکەش هەر ئامانجی ئەوان بوو، هەموو ئەوانەش بە هەوڵی تاکەکەس ناو دەبرێن. هەروەها لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە) داوا دەکات بەهێز و توانای خۆیان هەموو کوردێك یارمەتی ئەو ڕۆژنامەیە بدات دەڵێ: ((غەزەکەتەمان چونکە خزمەتی میللەتی کورد ئەکا، زوبانی کوردی بڵاو ئەکاتەوە، بۆ سەرکەتن و بەزبوونەوەی کوردایەتی هەوڵ ئەدا))[5]

## ڕۆژنامەگەری کوردی و ڕۆڵی پەتیخوازی

دەستپێکی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان وەك لە نووسین و بابەتەکانیان دەردەکەوێت، زمانێکی ئاوێتە و تێکەڵ لە وشەی بێگانە زۆر بەرچاوە، بەڵام وردەوردە دوای ساڵانی بیستەکان و سییەکان هەوڵی زمانی پەتی زیاد دەبێت، بۆ نمونە مێجەرسۆن هەر لە زووەوە بانگەشەی نووسینی کوردی پەتی دەکات، تەنانەت لە ڕۆژنامەی (پێشکەتن/1920-1922) لە ڕێی پێشبڕکێیەکەوە، خەڵات بۆ ئەو نووسەرانە دادەنیت، کە باشترین نووسنی کوردی پەتی بنووسن[6]. ((ئەو زمانە کوردی (پەتی)یەی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) هەوڵی چەسپاندنی دەدا، پێشبڕکێی بۆ سازدەکرد، لە ڕۆژنامەکانی دەسەڵاتی یەکەمدا گەشەی نەکرد، بەڵکو زیاتر وشە و دەستەواژەی عەرەبی و فارسیو، تەنانەت تورکی هاتە ناوەوە، کە تەنیا بەراوردێ لە نێوان نووسینەکانی شێخ نوری لە (پێشکەوتن) و لە (بانگی کوردستان) و (ڕۆژی کوردستان) ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ))[7]، ئەم هەوڵەی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) و (ژیان) کاری کردە سەر بڵاوکراوەکانی تر ((بەشی هەرە زۆری نوسەرانی ئەم گۆڤارە خەڵکی سلێمانی و پەروەردەی ئەو کەشو بایەخپێدانە بوون، گرنگیێکی بێ ئەندازەیان بەم لایەنە داوە، تا ئەو پەڕی بە کوردیێکی پەتی و ڕەوان و بێگرێ و گۆڵ نووسیویانە، هەوڵی وشەو تەرخانکردن بۆ بەرامەرەکانی عەرەبی و زاراوەیشیان داو، بۆیە یەکێك لە مۆرك و دیوە هەرە سەرنجراکێشەکانی گۆڤارەکە، زمانە))[8] ، ئەم ئامانجە هەر لەسەرەتاوە لە کوردستانی باشوردا وەك مۆدێلێکی نووسین دەرکەوێت و جێگای خۆی گرت.

لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) پرسی وەلانانی وشەی عەرەبی لە چەندین ژمارەدا ورژاوە، وەك لە لە ژمارە (5)دا نووسەرێك پێی باشە کە گۆرانکاری لە زمانی کوردیدا بکرێت، بەڵام بەلایەوە نابێ پەلە بکرێ و پێشی وایە زمانی عەرەبی دەوڵەمەندە، ئەو باوەڕەی کە پێی وابوو زمانی عەرەبی دەوڵەمەندە و زمانی کوردی هەژاربووە، بەشێك بووە لە نمونەکانی ڕەتکردنەوەی پاکردنەوەی زمانی کوردی، بۆیە هەمیشە بە پەرۆشەوە بەشێك لە نووسەران لە ڕۆژنامەکاندا وەڵامیان بۆ ئەم پرسە هەبووە، لە ژمارە (6)ی پێشکەوتن، نووسەرێك بەناوی (م...) وڵامێکی نووسەرەکەی پێش خۆی دەداتەوە پێی وایە، دەبێت پەلە بکرێت و نمونەیەك دەهێنێتەوە کە نووسنی ئێستای کوردی هەمووی عەرەبییە.

هەرچەندە لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) هەردوو ئاراستەی نووسین دژە بە بەکارهێنی وشەی عەرەبی و دژ بە لادانی وشەی عەرەبیش هەبوون، بەڵام خودی ئەو ململانێیە وایکردووە ئاراستەیەکی تێگەیشتن و هەوڵدانی زیاتر بۆ پەتیخوازی دروست ببێت، کە لە ڕۆژنامەی (ژیان) و (ژیانەوە) و گۆڤاری (زاری کرمانجی) و لە ساڵانی دواتر

ڕەنگبداتەوە و وردە وردە جێگای خۆی دەگرێت. بەکارهێانی وشەی کوردی لە بری وشەی بێگانە، زیاتر بەهۆی هەستی نیشتمانپەروەری و هەبوونی پاشخانی ڕۆشنبیری نوسەران بووە.

حوسێن حوزنی موکریانی و پیرەمێرد نمونەی دوو نووسەر و ڕۆژنامەنوس بوون، کە بەشێکی زۆری وشەی زمانی کوردیان بەپێی کات و شوێنی خۆیان چەسپاند، دواتریش لە دوای ئەوانەوە بەکارهاتوون و چەسپاون. هەوڵەکانی حوسێن حوزنی موکریانی لە گۆڤاری (زاری کرمانجی)دا، یەکێك لە ئامانج و دروشمەکانی بریتییە لە پاراستن و خزمەتکردنی زمانی کوردی. هەر ئەم پەتیخوازییەی سەرتای سەدەی بیستەم، وەك پێویستێك لەو سەردەمدا وای لە حوسێن حوزنی موکریانی کردووە لە ژمارە (4)ی ساڵی 1926، گۆڤاری زاری کرمانی بنووسێت ((مادام قەسدی ئێمە تەوحید و ئیسلاحی لسانە وا مناسبمان زانی کە سەحیفەیەك[9] ... کەلیماتی کوردی تەخسیس بکەین کە ببێتە سەبەب بۆ تێگەهیشتنی, هەموو لایەك لە خوێندەوارانی موحتەرەم ڕەچاودەکەین لەم خسوسە فکری خۆیان بنوویسن... بۆمان بێرن))[10]، ئەم هەوڵەی حوسێن حوزنی موکریانی ئامانجدار تر و پڕبایەخترە بۆ باوەڕپەیداکردن و برەودان بە نووسینی کوردی پەتی، لەلایەکی تر ئەم هەوڵەی حوسێن حوزنی موکریانی هەوڵێکە بۆ سوود وەرگرتن لە زانیارییەکانی خوێنەران بە ئاراستەی بەشدارییپێکردنی کاری بە کۆمەڵ و دەستە جەمعی. ((ڕۆشنبیرانی کورد لە عێراقدا، لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەمدا بایەخێکی نا ئاساییان بە زمانی کوردی داوەو، گرنگی زمانی کوردیان بۆ بوون و مافی کورد ئەوەندە هەڵناوە گەیشتۆتە ڕادەی موباغە))[11]، ئەم جۆرە زیادەرۆییە زیاتر بۆ پێویست بوونی پرسەکە و خەمخۆری ڕۆشنبیرانی ئەو کات دەگەڕێتەوە.

ناوێکی دیکەی دیاری ئەو مەیدانە پیرەمێردی شاعیر و ڕۆژنامەنووس بوو، ((لە سەردەمێکدا وشەی عەرەبی و وشەی فارسی لەناو نووسینی کوردیدا تەراتێنیان دەکرد. پیرەمێرد بەدوای وشەی کوردی بەکارنەهێراودا دەگەڕا و دەیخستە بەرچاو لە سروشتی کوردستانا، لە دێهاتەکانا، زاری پیاوە کۆنەکانی دێهات نیشانە و وشەی جوانی ئەقۆستەوە هەمیشە عەودالی ئەو وشانە بوو کە تێکەڵ بە شارستانیەتی نەبووبوون و مۆرکی کوردەواری خۆیان پاراستبوو))[12]، هەمان ئەو ئامانەش لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دواتر دەبێتە دروشم، بەتایبەتی پیرەمێرد ڕاستەوخۆ ئەو پەیامە دەکاتە ئامانجی ڕۆژنامە، تا ئەو کاریگەرییە بۆ خوێنەران بگوازرێتەوە، بەم بۆنەیەوە پیرەمێرد خۆی لە ژمارە (332)دا نوسیویەتی: ((ژیان ئەو ڕێیەی کە ئەمرۆ گرتوویە لە شوێن زبانێکی ڕاستو ڕەوان بێ، ناو ئاخن دەگەڕێ کە ئەو زبانە لە دیوان و لە ناو هەمووان پەسەند بکرێ و ببێتە بەرهەم ئینجا هەرکەس ئارەزووی ببێ بە کەڵکی ژیان بشێ دەبێ بە کوردی خاوێن بنوسێ))[13].

هەوڵێکی گۆڤاری زاری کرمانجی بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆری وشەی عەرەبی لەبەرامبەر کوردی بەکارهاتوون، نمونەی بەرچاومان زۆرە، لە (24) ژمارەی گۆڤاری (زاری کرمانجی) نزیکەی (150) وشەی کوردی لە بری عەرەبی بەکارهێناوە، بەشێوەی کوردی عەرەبی، عەرەبی کوردی بەکارهاتوون[14]، تا خوێنەر پێیان ئاشنا ببێت و دواتر وشەکان ڕێڕەوی خۆیان وەربگرن، وەکو: (فرۆك: گیارە، باوەر: أیمان، بەڵێن: وعد...هتد) زۆربەی هەرەزۆریشیان چەسپاون. هەوڵێکی دیکەی ئەو گۆڤارە بریتییە لە بایەخدان بە بەکارهێنانی وشە و زاراوەکان و هاوواتاکانیان بۆ نمونە لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی وەرگرتوون، وەکو(کن، نك: ڕەخ: دەف، بەرکەنداڵ: هژیان، مێر: پیاو...هتد)[15] ، هەروەها ئەم جۆرە هەوڵدان و لەبری دانانە وەك خولیایێك نووسەران و ڕۆژنامەنوسانی سەرتا زۆر هەوڵ و ڕەنجیان لەگەڵداوە، لای نوسەران مێژوونووسان بە بایەخەوە لەو هەوڵانەیان ڕوانیوە (د.کەمال مەزهەر) لە چاوپێکەوتنێکی خۆیدا دەڵێت ((پێم وایە یەکەم کەسە (حوسین حوزنی/ لێکۆڵەر) لە کاتێکی زوو وەك بیستەکانە (مێژوو)ی لە بری (تاریخ) بەکارهێناوە))[16].

ڕۆژنامەی ژیان لە پێناو خزمەتکردنی زمانی کوردی و پەتیخوازی یەکێك لەو لایەنانەی وەك هەواڵ بەبەردەوامی بایەخی پێداوە دامەزراندنی (کۆمەڵەی زانستی کوردان) لە سلێمانی لە ساڵی 1926، لە ژمارە (11) وەك مژدەیەك باسکراوە، لە ژمارەکانی (11، 12، 13، 14، 17، 19، 24، 40، 41، 45) لە ساڵی 1926 بایەخێکی پێویست بە کۆمەڵەی زانستی کوردان دراوە، وەك پڕۆگرام و ناوی جەمعیەت و مەرکەز و گێڕانی ئاهەنگ و ئامادەبووان و خوێندنەوەی وتار و کۆمەککردن و ناوبردنی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی زانستی کردنەوەی خولی تایبەت و پێشکەشکردنی سمینار، لە هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی ژمارە ناوبراوەکاندا هاتووە، بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی تایبەت بە کۆمەڵەی زانستی زیاتر پەیوەستە بەو ئامانجەی کۆمەڵەی زانستی بۆ چەسپاندن و خزمەتکردنی زمانی کوردی

هەوڵدەدات. لە ژمارە (45)ی نۆی کانونی ئەوەلی 1926 لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی کۆمەڵەی زانستی، کۆمەڵەی بژاری زمانی کوردی بڕیاری لەسەردراوە، بە پێی هەواڵەکە ئەو ئەندامانەی کە هەڵبژێردراون پێویستە حەفتەی دوجار کۆببنەوە، چونکە پێشتر بڕیاردرابوو، کە لەڕێی لێژنەیەکی هونەرمەندان و شارەزا و ڕوناکبیرانی وڵات وشەی بێگانە لە زمانەکە لابدەن و وشەی ڕەسەنی کوردی دابنێن، هەرچی دۆزرایەوە لە کۆبونەوەکەدا بخرێتەڕوو، ئەم هەوڵە بۆ ڕۆژگارێك کە زمانی کوردی لە گێژاودابوو و لە زۆرلایەنەوە کێشەی جۆراوجۆری وەك ڕێنووس و زمانی جۆراوجۆر و شێوازی جۆراوجۆری نووسەران هەبووە، بیرکردنەوە لەم بابەتە وەك مێژوو بایەخی خۆی هەیە.

بەهۆی بایەخی کۆمەڵەکە و ئامانجی کۆمەڵەکە گۆڤاری (زاری کرمانجی)یش هەواڵی کردنەوەی جەمعیەتی زانستی کوردان لە سلێمانی لە ژمارە (1)، لاپەڕە (8)ی ساڵی 1926 بڵاودەکاتەوە، کە ئامانجی ئەو کۆمەڵەیە چییە؟ تەواوی ئامانجەکان بۆ خوێندن و هۆشیاری کردنەوەی قوتابخانە و وەرگێڕان و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و خوێندن و دانی کتێب و کتێبخانە ڕۆشنبیری و پەیوەندی هاونیشتمانی و دەوڵەت کاردەکات، لە لایەن کەسایەتییەکان و گەورە پیاوانی سلێمانی 2520 ڕوپییە بۆ کۆمەڵەکە کۆکراوەتەوە، بۆیە بەلامانەوە بانگەشەی زمانی پەتی و پەتیخوازی وەك سیاسەتی ڕۆژنامەکانی دوای ساڵانی بیستەکان و سییەکان بەشێکی گرنگی پەیوەستە بە ئامانجەکانی ئەو کۆمەڵەیە و ئەو ڕوناکبیرانەی ڕۆلیان لە پلان و داڕشتنی کۆمەڵەکەدا هەبووە. ئەم هەوڵەی ڕۆشنبیرانی کورد لە بیستەکانی سەدەی بیستەم کۆدەنگییەکی بۆ ئەو پرسە دروستکردووە.

ڕۆژنامەی (ژیان) لە هەواڵێکی دیکەشیدا بایەخ بە (یانەی سەرکەوتن)[17] دەدات کە ئامانج و پەیامی کۆمەڵەکەش لەگەڵیدا بڵاو دەکاتەوە، (ژیان) لە ژمارە (241)، ژمارە (244)ی 1930 بە بایەخەوە باسی ئەو یانەیە و زانیاری لە بارەی یانەکە و هیواخواستنی پشتگیری بۆ یانەکە بڵاودەکاتەوە، وێڕای خۆشحاڵی و هەواڵی بڵاوکرکردنەوەی ڕاسپاردەکانی کۆمەڵە لە پێناو زمان زانست و هونەری کوردانداا ڕادەگەیەنێت، هیواش دەخوازێت و لق و پۆپی بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان بڵاوبکرێتەوە و ئامانجی یانەکەش بڵاودەکاتەوە. هەمان ئەو هەواڵەش لە گۆڤاری زاری کرمانجی بەناوی (دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی کوردن لە بەغدا یانەی سەرکەوتن) لە ژمار (23)ی 1930 بڵاوکراوەتەوە، دامەزراندنی یانەکە بە ژمارەی (6895) 19-20ی مایسی 1930، دوای ناوبردنی دەستەی دامەزراندن و ناوبردنی مەرجەکانی بەشداربوون کە 17 خاڵە، پەیڕەو پڕۆگرامەکەشی لە نۆ خاڵدا خراوەتەڕوو، وەك لە خاڵی سێیەمدا هاتووە ((غایەی کۆمەڵە کۆششی علیمی و پەروەریشە بۆ ئرشاد و بەرزبوونەوەی لوغەتی کوردان بەدانانی کتێب و تەرجەمە))[18]، ئەم هەواڵە وەك بڵاوکردنەوە بایەخی خۆی هەیە، بەتایبەتی کە بواری ڕۆشنبیری و زمانی دەگرێتەخۆ.

زۆربەی زۆری ئەو هەوڵانەی کە لە ڕابردوو لە پێناو گرنگی دان بەزمان و ڕەسنایەتی زمان و پاراوکردنی زمان دراون، بەگشتی هەوڵەکان سەرکەتووبوون، بەتایبەتی کۆمەڵێك هۆکاریش لە پشت سەرکەوتنی هەوڵەکان هەبووە، یەکێك لەو هۆکارانە لەبەرئەوەی کوردەکان کیان و قەوارەیەکی سەربەخۆیان نەبووە، زمانیان بەتاکە هۆکارێك زانیوە بۆ پاراستنی نەتەوە، هۆکاری دیکە کورد هاوکاتی ئەو بزوتنەویەی بژارکردنی زمانی کوردی، چ لە ئاستی تاکەکەسی و ئاستی کۆمەڵ و دەستە، نووسین و کتێبێکی ئەوتۆی کوردی لەبەر دەست دانەبوو، کە گرفتی دژ بەیەك دروست بکات، هۆکاری تریش ڕۆشنبیرانی کورد لە یەك کاتدا هەردوو ئەرکی سیایی و ڕۆشنبیریان بەجێدەگەیاند، هەردوو هەوڵەکەیان یەك ئامانج و یەك بەرژەوەندی بوو و تەواوکەری یەکتر بوون[19].

هەموو ئەو هەوڵە سەرەتاییانەی کە شاعیران و ڕۆژنامەنوسان و نوسەران و فەرهەنگوانان و ڕەخنەگران لە پێناو کۆکردنەوە و چەسپاندنی وشەی کوردی داویانە، وەك ئەکێکی نیشتمانی پێویستیێکی ئەو قۆناغە بووە، لەپێناو مانە و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی بوو، بەڵام ئەو تایبەتمەندییەی بەتایبەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو، کە پێی دەناسرێتەوە زیاتر هەوڵەکان تاکەکەسی بوون، تا ڕادەیەکی باشیش لە کارەکەیاندا سەرکەوتوو بوون. کاریگەری بەسەر زۆر لە شاعیران و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانیش نواندن، تەنانەت کاری دەستە و کاری ئەکادیمشی بەدوای خۆیدا هێنان.

### تەوەرەکانی بایەخدان بە زمانی خوێندن و نووسین

وەك ئاشکرایە لە کورستاندا جگە لە شاعیران و چەند کتێبێکی کەمی کوردی و چەند لاپەڕەیەکی دیاریکراوی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان نەبێت، تا سەرەتای سەدەی بیستەم، نەبەفەرمی و نە بەربڵاوی، زمان و نووسینی کوردی پێگە و

ڕێوشوێنی خۆی وەرنەگرتبوو، بۆیە هەموو شتێك لەسەرەتادا بۆ زمانی کوردی گرفت بوو، هەر لە نوسین بە زمانی کوردی و ڕێنووس و بژارکردنی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە و داڕشتنی وشەی نوێ و لە بری دانانی وشە و جیاکردنەوەی شێوەزار و زمانی نووسینی ئەدەبیانەی نزیك لە تێگەیشتنی خەڵك... هتد، هەموو ئەو تەوەرانە قسە و بابەتی زۆریان هەڵگرتووە، کەم تا زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم ڕەنگیان داوەتەوە، لە ڕێی سەرنووسەران و سەرپەرشتیارانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بابەت و هەواڵ ئامادەکراوە، یان نووسەران ڕۆشنبیرانی ئەو کات بەبابەتی جۆراجۆر و گرنگ بەشداریان کردووە، زۆرجاریش زنجیرەی وەڵامکاری و بیرو بۆچوونی جۆراجۆری بەدوای خۆیداهێناوە.

تۆفیق وەهبی یەکێکە لەو کەسایەتییە دیارانەی، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ناوی هاتووە، بەتایبەتی بۆ بۆ بڵاوکردنەوە بابەتی زمانی و خوێندن و پەروەردە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و دەستەبەرکردنی مافەکانی خوێندن و خوێندەواری لەناو ئەنجومەنی نوێنەران و لەناو خەڵك و بواری نووسین زۆرچالاك بووە، یەکێك لەو تەوەرە هەستیارانەی ناوبراو بەشداری تێداکردووە، تەوەرەی دانانی ڕێنووس و دانانی پەرتوکی خوێدنە.

یەکێك لە و کێشانەی کە هەبووە هاوکاتی دەرچوونی (دیاریی کوردستان) لە ساڵانی (1925- 1926) پرسیی نووسینی ئەلفبێی کوردی بووە، بەتایبەتی وەك تۆفیق وەهبی لە ژمارە (5-6) بە ناوی (کوردییەکمان بەچۆن حروفێك و چۆن بنووسین) وێرای باسکردنی بیروبۆچوونە جیاوازەکانی ئەو کات لە بارەی چۆنیەتی نووسین بە چ جۆرە پیتێك، لە نێوان کۆمەڵێك بۆچوونی ئەو کاتدا، بۆچوونی خۆی پێشکەش کردووە، وەك بۆچوونی پیتی عەرەبی بۆ کوردی گونجاو نییە، یان لاتینی پەسەندکردن و ڕەتکردنەوەی لاتینی و هەروەها وەرگرتنی پیتەکانی دیکەی لاتینی لەپاڵ پتەکانی عەرەبی کۆمەڵێك بەڵگە و ئەزمون دێنێتەوە، کە پیتی کوردی وەك شێوەی پیتەکانی عەرەبی و شێوە نووسینی قورئانی زەحمەتە و جگە لەوەش لە پاڵ ئەزمونی وڵاتان کە ئەلفبێی عەرەبی، وەك بلوجی و فارسی و تورکی و ئەفغانی و هیندی نەتەوەکانی تر کوردیش دەتوانێت ئەو ئەزمونە سوود لێوەربگرێت، ئەم جۆرە بابەتانە بە ئاگایێکی باش لێکدەدرێنەوە. شێوە یەکخستنێك لە نووسین ڕەچاو دەکات و وەك توێژینەوەیەك بەڵگەکان دەخاتەڕوو. وەك لە کۆتایی نووسینەکەیدا لە ژمارە (5)ی (دیاریی کوردستان) دەڵێ: ((ئایا عربی، ئایا لاتینی یاخود بە داهێنان هەرچی حروفی قبول بکەین ئەبێ بۆ ئەو دەنگانە کە خاص کوردین حروف تایبەتی هەر ئیجاد بکەین))[20], چونکە ئەو نەتەوانەی کە پیتەکانیان وەرگرتووە، سامی نین بەشێکیان ئارین و سوودیان لەو پیتانە وەرگرتووە.

ئیسماعیل حەقی شاوەیس وەك شارەزایەك لەبواری ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی بەزنجیرە بۆچوونەکانی خۆی بەناونیشانی جۆراوجۆر پێشکەش دەکا، وەك بابەتی (نووسینی کوردی چۆن بێ) ژمارە (5-6)ی لە ساڵی (1925)ی گۆڤاری (دیاریی کوردستان) لە نووسینەکەدا هاتووە، گرنگە کورد ئەلفبێی خۆی هەبێت، پێویستیشە ئەو ئەلفبێیە چۆن دەردەبڕدرێت، ئەوها بنووسرێت، هەروەها ئەو وشانەی کە لە زمانی بیانی وەردەگیرێن پێویستە بخرێنە سەر یاسای زمانی کوردی، هەروەها نووسەر نموونە بەچەند پیت وشەیەکی عەرەبی دەهێنێتەوە، کە پێویستە چۆن بنووسرێن، ئەم جۆرە نووسینانە ڕۆلێکی یەکلاکەرەوە و فێربوونی ڕێنووسیشیان هەبووە، بەتایبەتی لە ژمارەکانی دواتری هەمان گۆڤار و ڕۆژنامە، یان ئەوانی تر، سەرنجی تر کەڵەکە بووە و زانیاریی زیاتر خراوەتەڕوو.

نووسینێکی دیکەی ئیسماعیل حەقی شاوەیس بەناوی (ئیملای کوردی و حروفاتی عەرەبی) ژمارە (8،10)ی ساڵی (1925)ی (دیاریی کوردستان) چەند نموونەیەك بۆ نووسینی وشەی عەرەبی دەخاتەڕوو، وەك نووسینی تەنوین بە نوون کە لە کوردی نییە، شەدە سوك بکرێت، یا یەکجار بنووسرێت، لە جیاتی هەمزی بکرێتە (ی) عائیشە، هەروەها (ە) بکرێتە (ە) کوردی، هەروەها لە نووسینێکی دیکەی ئیسماعیل حەقی شاوەیس (لاپەڕەی نووسینی تازە و کوردی پەتی: لە نووسین و شێوەدا سەربەخۆیی) ژمارە (13-14، 15)ی (دیاریی کوردستان)ی ساڵی (1926)، نووسەر لەپاڵ سوك نووسین و سەربەخۆیی زمان، باوەڕی وایە سوود لە شێوەکانی لوڕستان و موکریان دیاربەکر وەربگیرێ، بۆیە لەکۆتاییدا دەڵێ ((بە کورتی: لازمە لە زمانی کوردی ڕەنگی ویجدان و و ڕۆحی خۆمان لێبدەین. زمانی کوردی: نەك بەقسەی عەرەب و عەجەمە بیرازێنینەوە بە کانی قسەی شیرینی خۆمان زۆر و ڕەنگین بیهۆنینەوە... بەو چەشنە بێتو زمانی کوردی ڕێکبخرێت وەقت بە قسەی بێگانان نەهۆنرێتەوانی، ڕەزای خوای پێ بەجێئەهێنرێت و ڕوحی موبارەکی پێغەمبەریش شاد ئەبێ کە فەرموویەتی : خوا سووکی فەرمووە نەك قوڕسی))[21]، ئەم جۆرە نمونە هێانەوە وە

بۆچوونەسەرەتاییەکانی زانایانی کوردی لە زۆر لایەنەوە بایەخی خۆی هەیە، چ وەك زمانی ستاندەر، یان پەتیخوازی، بۆچوون و لێکدانەوەکانیان نەك وەك مێژوو، بەڵکو وەك توێژینەوەی ئێستایش بایەخی خۆی هەیە.

حەسەن کوردستانی لە وتارێکیدا بۆ بەڕێوەبەری گۆڤاری (دیاریی کوردستان) لە ژمارە (16)ی ساڵی (1926)، بەناوی (لەحەق نووسینی تازە)، وێڕای باسکردن و قسەکردن لەسەر نووسینەکانی تۆفیق وەهبی و پیرۆت، کە بەلای نووسەر ئاساییە، ئەگەر هەر جۆرە پیتێکی ڕێنووسی بەکاربێت، بەڵام ئەوجۆرە ئەلفبێیە نووسەر پێی وایە ڕێنووسی عەرەبی چەند سەدەیەکە ئێمە پێی ڕاهاتووین و پێویست دەکات لەسەری بڕۆین و زۆر نمونەش بۆ قوتابیان ئاسان بکرێت، بۆ نمونە دانانی (ە) لە جێی نیشانەی نەسب بە پێویست دەزانێت، بەتایبەتی لەو وشانەی کە مانایان دەگۆڕێت، هەروەها لە شێوە نووسینی (بانەی ی) و (بانەیی)، نووسەر دەڵێ پێویستە پێکەوە بنووسرێت، لەو نوسینەدا نووسەر پێی وایە، زارەوەی عەرەبی لە ئێستادا ئەگەر بەکاریش بێت، گرفتێکی نییە، نموونە دەهێنێتەوە لە قورئانیش زاراوەی وەرگیراون هەن، بۆ ئێمەش ئاساییە و پێویست ناکات شتەکان لە خۆمان تەنگ بکەین، بەڵام لە کۆتایی نووسینەکەیدا نووسەر دەڵێ زۆر وشەی عەرەبی و فارسی بەکاردێت، پێویستە ئەوانەی زمانی دایك لە جێگای بەکاربێت، هەروەها لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەدا هاتووتە سەر بۆچوونەکانی (مامۆستا حەقی) کە ڕێنووسی کوردییەکەی قوڕس کردووە، پێی وایە شارەزایان کام زاراوەیان بۆ نووسین پێ باشترە، ئەویان هەڵبژێردرێت.

پیرۆت لە سلێمانی (کوردی بە چ حەرفێ بنووسرێ) ژمارە (11-12) نووسەر باسی هەندێك پرسی وەك کێشەی فەتحەی عەرەبی و نووسینی هەندێك وشە، کە وەك یەك دەنوسرێن و لە مانادا جیاوازن، وێڕای هێنانەوەی هەندێك نمونە کە پێی وایە بۆ منداڵان زحمەتە بۆ نووسەرانی ئەو کات بەهۆی ئەو دە پازدە ساڵە پێی ڕاهاتوون، نووسین خوێندنەوە ئاسانە، نووسەر لە کۆتایی پەیامەکەی پێی وایە مادام نەتەوەی ئاری زمانێکی جیاوزی هەیە، پێویستە کوردی لە ڕۆژئاوا نزیك بێتەوە و پیتی لاتینی بەکاربێت.

تایبەتمەندی ئەم چەند ژمارەیەی گۆڤاری (دیاریی کوردستان)، ئەوەیە نووسەران زنجیرەی نووسینیان هەبووە، ئاگاداری نووسنەکانی یەکتریش بوون، بەتایبەتی لەسەر پرسیی ڕێنووس هاندانی خوێنەدواری، وەڵام و پێشنیازیان بۆ یەکتر هەبووە و زۆرتریش خۆیان بەو گرفتانە خەریك کردووە، کە گرفتی نووسین و ڕێنووسن. دەکرێت بڵێین ئەو جۆرە نووسینانە شێوازێکی ئەکادیمی و توێژینەوەیان پێوە دیار بووە، چونکە وەك بەراورد و پۆلێن و نمونە ڕاستکردنەوە و پێشنیاز و زانیاری سەرچاوەیی بەکارهاتوون.

**ڕۆژنامەگەری و پرسی خوێندن**

خوێندنی زمانی تورکی لەچەند مەکتەبێکی منداڵان و چەند مەدرەسەیەکی ئاینی و خوێندنی عەرەبی و خوێندنی چەند کتێبێکی فارسی لە ناوچەکانی کوردستان، بووە هۆی ئەوەی تەنها زمانی کوردی لەنووسیندا زیاتر لە دیوانی شاعیرانی کوردی بەرچاو بکەوێت، لەپاڵ هۆکاری خوێندەواری بەزمانی بێگانە، بەهۆی داگیرکاری و هۆکاری ئاینی و ڕۆشنبیری، زمانی کوردی پڕبوو لە وشەی بێگانە.

دوای گۆڕانکارییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان لە کوردستاندا مافی خوێندن و نووسین بۆ کورد و ناوچە کوردنشینەکان بڕیاردرا، ئەمەش بۆتە جێی خۆشحاڵی خەڵکی کوردستان. بۆ یەکەمجار بەهۆی فرەنەتەوەیی لە عێراق بەریتانیا یەکەم قوتابخانەی بە زمانی کوردی کردەوە[22] . لە ساڵی 1919 لە کۆی 75 قوتابخانە حەفت قوتابخانەی کوردی هەبوون، لە 1920/1/4 زمانی کوردی بووە زمانی فەرمی، دوای ئەوە شێخ مەحمود بووە مەلیکی کوردستان[23]. بەهۆی کردنەوەی قوتابخانەی کوردی و مافی خوێندن بە زمانی کوردی زۆر بابەتی تازەی تایبەت بە زمان هاتنە پێشەوە، تەواوی ئەو کێشانەی کە لەسەرەتای سەدەی بیستەم، تایبەت بە خوێندن و نووسینی کوردی وەك بابەتی ڕۆژ گرنگیان پێدراو و زۆر دەستکەوت بۆ ئەو کات و زۆر دەستکەوتی وەك کاریگەری بۆ قۆناغەکانی داهاتوو فەراهامبوون.

لە ژمارە (29)ی ڕۆژنامەی (ژیان)ی ساڵی 1926 نووسەرێك بەناوی (هەولێری ع. عەزیز) لە ژێر ناوی (زمانی کوردی) وتارێکی نووسیوە، وێڕای دەستنیشانکردنی هۆکاری نەخوێندنی کوردی لە سایەی زوڵم و داگیرکاری، خۆشحاڵی خۆی بۆ خوێندنی کوردی دەردەبڕێ ((بەڵێ بەختیارم، مەملەکەتەکەشم بەختیارە کە مودەتێك ئەسیری زمانی جەهەنەمیان بووین ئەمڕۆ نەجاتمان بوو زمانی حکومەتی بابان و حکومەتی ڕەواندزمان هێنایە فکر))، یەکێك لەو

پرسیارانەی نووسەر دەیوروژێنێت، پرسیاری ئەوەیە کە کورد دەوڵەتی نییە و زمانی ناتەواوە، وروژاندی ئەو بابەتە بۆخۆی بایەخێکی گرنگی هەیە، چونکە هەر لەناو نووسینەکەیدا دەڵێت (زمان و میللەت یەکن)، ئەو پرسیارانەی کە نووسەر دەیانخاتەڕوو، وەڵامێکە بۆ نەیارانی کورد وەك بەڵگەی پەتیبوونی زمانی کوردی، هەروەها پێی وایە زمانی کوردی هیچی لە وڵاتانی تر کەمتر نییە، هەروەها وەڵامیش بۆ ئەوانەی دەڵێن کوردی حکوومەت و زمان قەواعیدی نییە، نووسەر لە نووسنەکەیدا دەڵێ: ((لەهەق زمانی کوردی ئەوەندەیان پێ ئەڵێم قەواعید لە زمان دەر ئەچێ نەك زمان لە قەواعید. مادامکی زمانی کوردی هەیە قەواعیدیشی هەیە)).

هەوڵی کاربەدەستان و نوێنەرانی کورد ی ئەمین زەکی بەگ وەك مەبعوسی سلێمانی وەزیری مەعرف و ئەشغال و مواسەڵات زۆر هەوڵی تاك لایەنەی بۆ کاروباری خوێندن داوە، لەدەورەی یەکەمدا نامیلکەی سەربەخۆی بە ناونیشانی (محاسبەی نیابەت) چاپ و بڵاوکردۆتەوە لەم دەورەیەشدا دوو تەقریری داوە بەمەجلس و (بەیانات)ێکی درێژی لە مەجلس داوە، ڕۆژنامەی (ژیان) پوختەی هەردوو تەقریر و دەقی بەیاناتەکەی بڵاو دەکاتەوە[24] دانانی لیژنەیەکی وەرگێران و دانانی کتێب بۆ ناوچی کوردییەکان و پێکهێنانی بەڕێوەبەرێکی مەعارف و دامەزراندنی موفەتیشی کوردە بۆ ناوچە کوردییەکان[25]

هاوارنامەیەکی دیکەی ڕۆژنامەنووسی لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانییەوە، کە زۆر کاریگەرانە دەسەڵاتی ڕۆژنامەنووسی خۆی بۆ مافەکانی تایبەت بەخوێندن و زمانی کوردی دەخاتەکار و زۆرترین نووسین بەبەراورد لەگەڵ سەرنووسەران و ڕۆژنامەنووسانی سەردەمی گۆڤاری زاری کرمانجی (1926-1932) لە ڕواندز دەنووسێت، بۆ نموونە یەکێك لەو نووسینانەی ئاراستەی دەسەڵاتدارانی کوردی دەکات، بەناوی (قسەیەکی ڕاست و بەقیمەت بۆ هەموو کاربەدەستەکان میللەت کورد) لە نووسینەکەیدا نمونەی خوێندنی چاك و بایەخپێدان بە مەکتەبەکانی جنوب لەلایەن معاریفەوە، کە هەموو پێداویستییێکیان بۆ دابینکراوە، قوتابخانەکانی ئەوان لە کوردستان پێشکەتووترن، هەروەها هەوەسی چوونە مەکتەب لای منداڵانی ئەوان زیاترە، بەبەڵگەوە باسی ناڕێکی مەکتەبەکانی لیواکانی کوردستان دەکات، وەك ڕووتی منداڵ و نەبووکەل و پەل و پێداویستی و مامۆستا و نەبوونی ئاگر...هتد، بۆیە ڕوودەکاتە دەسەڵاتدارانی کورد دەڵێ: ((ئەوە لە بێ موبالاتی گەورەکانەوەیە نەك لە معارف، چونکو معارف جلیلە ناپرژێتە سەر ئەمە کە لە مەنیقەی کوردستاندا بکۆشی و کاروباری نزیکتری زۆرە ئەگەر گەورەکان چلۆنی مەکتەبەکانی کوردستان بە معارف ڕابگەیەنن و بزوتن و مامۆستاکانیان لێ دیارکەن معارف زۆر مەمنون دەبی))[26]، نمونە بەوە دەهێنێـەوە ساڵی پار مامۆستاکانی قوتابخانەی ڕواندز، مەکتەبەکەیان پوچ کردبوو، میللەتپەروەران پێراگەیشتن معارفیان لێئاگادار کرد و مامۆستاکان دەرکران و چوار مامۆستای چاکیان بۆ ناردن.

داخوازی نامەیەك لە ژمارە (118)ی ڕۆژنامەی ژیان لە (21)ی حوزەیران، هەوەها لە ژمارە (5) گۆڤاری زاری کرمانجی ل4-7، 1928 لە یازدەی تشرینی دووەم، دوای ژیان بڵاوکراوەتەوە. داخوازی نامەکە لەیەکی حوزەیرانی 1928 لە بەغدا لەلایەن نوێنەرانی کوردستان پێشکەش بەوەزارەتی معارف کراوە، لەوانە: (محەمەد ساڵح) و (صبری) ناوێك نائیبی سلێمانی، (ئیسماعیل ڕواندزی) و (مەعروف جیاووك) و (عەبدوڵا مفتی) نائیبی هەولێر، (محەمەد جاف) و (محەمەد سعید)نائیبی کرکوك، داخوازی نامەکە چەند هۆکارێك وەك سستی خوێندن و چەند ڕێگایەك وەك چارەسەر دەخەنەڕوو[27].

وەك لە داخوازیی نامەکەدا هاتووە خوێندن لە ناوچەکانی باکور سستە و چەند هۆکارێك لە حەوت خاڵدا دەسنیشانکراوە لەوانە: (نەبوونی کتێبی تەرجومەکراوی کوردی، کەمی مامۆستایان، نەبونی مدیری مەعاریف و سەرپەرشتی و پشکنین، نەبوونی مەدرەسەی ناوەندی و تەواوکەری ئیبتیدائی، بێبەشبوونی ناوچەکە لە دارولموعەلیمین بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان تا بتوانن بە کوردی دەرس بڵێنەوە، نەبوونی دەستکورتی بۆتە هۆی ئەوەی باوکان نەتوانن منداڵەکانیان بۆ مەکتبی سانەوییە و مەدرەسە گەورەکان بنێرن، باوکان بەهۆکاری دیکەی جۆراوجۆرەوە ڕێگا نادەن منداڵەکانیان بۆ مەکتەب بنێرن). هەماهەنگی و لێکچوونێکی زۆر لە نێوان ناڕەزایی و گازندەکانی ڕۆژنامەنووسی ئەو کات و داخوازینامەکە بەرچاوە. ئەمەش زیاتر کاریگەری ڕۆژنامەنووسی لەسەر پرسی زمان و خوێندن دەردەخات.

هەر لە داخوازینامەکە چەند ڕێگایەك بۆ پێشکەوتنی زانست پێشکەشکراوە، وەك ڕێکخستنی کۆمەڵەی تەرجومە و تەئلیف دەبێ کۆمەڵێك زانای هەڵبژێردراو بەدەستووری مەعارف کاربکەن، لیژنەکە پێشنیازی وەرگێرانی لەدەرەوەی

مەعاریف بە ڕێی پاداشتکردن، بۆ بەدەستهێنانی مامۆستایان بەتایبەتی لە سانەوییە و دار موعەلیمین پێشنیازی باشکردن و پێدانی موچەیەکی باش دەکەن، بۆ ئەوەی خەڵك ببێتە مامۆستا، هەروەك چۆن خەڵکی هۆشیار و زانا هەیە، لەداخوازی نامەکەدا وەك خاڵی سێیەم پێشنیازی کردنەوەی فەرمانگە و بەشێکی مەعاریف دەکرێت، کە لە ناوەڕاستی ناوچەی باکوور بێت، تا بە ئاسانی دەستیان بەسەر پەرشتیکردن و چاودێریکردنی پرۆسەی خوێندندا بگەڕێت. لە لایەکی دیکەش ئەو فەرمانگەیە ببێتە کۆکەرەوەی ناوچە کوردییەکان نەك هەریەکەی لەڕێی لیوای خۆی کەرکوك و سلێمانی سەر بە بەغدان و لیوای هەولێر و قەزاکانی زاخۆ و ئاکرێ و ئامێدیش سەر بە فەرمانگەی مەعاریفی موسڵن بن، بەپێی داخوازینامەکە لە خاڵی سێ باسی ئەوە کراوە ئەگەر بەڕێوەبەری مەعاریف کوردی نەزانێت، سوود لە سەرپەرشتیکردنەکە نابینێت.

لە خاڵێکی تردا هاتووە، پێویستە مەکتەبی سانەوییە ڕێکبخرێت و ببێتە دابینکەری مافەکانیان نەك وەك ئەوەی هەندێ کەس باوەڕی، وایە ئەوەی عەرەبی نەزانێت، گرفتی بۆ دروست دەبێت، خاڵێکی تر پێویستە بۆ دەستکەوتنی مامۆستای چاك و باش، کە وانەی تازە بڵێنەوە، پێویستە خوێندنی دار و لموعەلمین بکرێتەوە، لەخاڵێکی دیکەدا هاتووە مەکتەب بۆ کچان بکرێتەوە، خاڵی کۆتاییدا بەپێی داخوازینامەکە، باوەڕیان وایە، ئەگەر ئەم خاڵانە جێبەکران، وەك بەو جۆرە سێتەمە ئەوا خواستی باوکان بۆ ناردنی منداڵەکانیان زیاد دەبێت. لەکۆتایی خاڵەکاندا داوا لە وەزارەتی مەعاریف دەکەن هەر ئەو ساڵ (1928) دەستبکات بەچاکسازی و دەواکارییەکان جێبەجێبکەن.

ئەو داخوازی نامەیەك بەشێکی گرنگ لە کێشەکانی ئەو سەدەم لە خۆدەگرێت، وەك پەیامی ڕۆژنامەکان زۆرجار ئاڕاستەی نوێنەران کراوە، بۆ نمونە هەر بۆیە نوێنەرانی کوردیش لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەتییەدان. بەم بۆنەیەوە ئەم هەوڵە لەکۆتایی داخوازینامەکە لەلایەن ڕۆژنامەی (ژیان) ڕێزی لێدەگیرێت و ستایش دەکرێت، بەتایبەتی یەکڕیزی و هەڵوێستی وا جێی ئومێدی میللەتە. حوسێن حوزنی لە پەراوێزی یاداشتەکەدا دەنووسێت: (( بەڕاستی چەند کەسێك لە نائبە خۆشەویستەکانمان بۆ زیادکردنی معارف و بەرزی وەتەن و سەفرازی میللەت بە گەرمی دەکۆشن، حوکومەتیش لە واجباتی زمەتیتی کە معارف لە کوردستاندا بڵاو مەکتەب زیاد بکا، تاکو منداڵانی کورد زانا و تێگەیشتووبن و وڵات ڕوو لە ئاوەدانی بکا))[28]. حوسێن حوزنی دەڵێ ئەو بڕیارەی کە حکومەت داویەتی جێبەجێی دەکات، پەلەیەتی، بۆیە ئەو بڕیارەی کە داویەتی، وەك نووسراوە فەرمییەکان بە زمانی کوردی بێت، لە لیوا بەپێی ژمارە 2032 لە 2ی حوزەیران 1928، لە وەزارەتی ناوەخۆ کە بەژمارە 2195 لە 20ی مایسی 1928 دەرچووە، هەموو فەرمانگەیەك ئاگادارکراوەتەوە، بۆیە حوسێن حوزنی پەرۆشە ئەگەر ئەو بڕیارە لە لایەن کاربەدەستانەوە کاری پێنەکرێت.

### زمان و ناسنامە

یەکێك لەو تەوەرانەی ناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان پرسی زمان و دەرخستنی ناسنامەی نەتەوەیە. بە بڵاوبونەوەی چەند وتارێك لەسەر مێژووی کورد و زمانی کوردی وەك ڕەسەنایەتی زمان کەلێنێك بۆ شارەزاکردنی خوێندەواران و وڵامدانەوەی پرسیاری نەیارانی کورد، لە بارەی نەژادی کورد وەك زانیارییەکی پێویست بۆ ئەو کات خراوەتەڕوو، وەك لە ڕۆژنامەی (ژیان) ژمارە (326) لە ساڵی 1932 لە لاپەڕەی یەکەم پیرەمێرد وتارێکی نووسیووە بە ناوی (نەتەوە و زمانی کوردی)، هەروەها لە ژمارە (327) لە ساڵی 1932 پیرەمێرد وتارێکی تری بە ناوی (زمانی کوردی لە ڕوویی مێژوویی) بڵاوکردۆتەوە، لە گۆڤاری (زاری کرمانجی) وێرای نووسینەوە و سەربردەی زۆر ناوچەی کوردستان وەك سۆران و شارەزوو و چەند میرنشینێکی کوردی و ئیبراهیم و زەردەش پێغەمبەر...هتد زۆرجار لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی بۆ چەند پرسێکی زمانی وەك لایەنی مێژوویی و ڕەسەنایەتی بڵاوکردۆتەوە وەك لە ژمارەی (18)ی ساڵی 1929، لاپەڕە (2) بەناوی (تەماشای ئاسارکە و بزانە کورد لەپێش تۆفاندا چلۆن بوون)، بۆ نمونە لە نووسینەکەدا ئەلفبێیەکی پێش زایین بڵاودەکاتەوە، هەموو ئە وتارانە و تەنانەت هەڵبژاردنی ناونیشان نمونە شعرییە کۆنەکان، هەموویان وەك ئامانجی ناسینی نەتەوە و پێناسەکردن و جۆرە هۆشیارییکە بەزمانی کوردی، تا ئەندزایەك خەڵکی کورد وەك هەوڵەکانی تر بەزمانی خۆی مێژوو و کەلتوری خۆ بخوێنێتەوە.

ئەم هۆشیارییەی لە ڕابردوودا وەك ناسنامەی نەتەوە باس کراوە، جێی بایەخە، بەتایبەتی ئەو هۆشیارییەی لە ڕابردوودا تاکی کورد هەیبووە، جێی تێڕامانە، چونکە هەمان ئەو دەستەواژنە، بۆ مەترسییەکانی لەناوچوونی زمان، یان ڕاگرتنی شکۆی نەتەوە لە ڕێی زمانەوە، وەك پەیام دووبارە دەکرێنەوە. لە چوارچێوەی چەمکی نەتەوە و زمان زۆر

پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ زمان کردووە، (عەزیز هەولێری) لەژێرناونیشانی (زمانی کوردی) لە بارەی زمانەوە دەڵێ: ((زمان شتێکی زۆر پێویستە بۆ گەلی بەشەر، زمان ڕۆحی فکری مادی تاریخ ئاوێنەی حەزارەتی ئینسانیەتە. هەر بە واسیتەی زمانە ئەتوانین مازی و حال و موستەقبەلی میللەتێك تێبگەین. میللەتێکی بێ زمان بە مردوو حساب ئەکرێ. ئەو نەوعەمیللەتانە حەقیان غەسب ئەکرێ.)) ژمارە (29)ی ڕۆژنامەی (ژیان)ی ساڵی 1926.

بەپرسیاریەتی و زمان و خوێندن لەناو نووسینەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بە بایەخەوە نرخێندراوە، بۆیە هەمیشە بەرپرسان بۆ پرسی زمان و خوێندن خراونەتە ناو بازنەی بەرپرسیاییەتی، لة نوسینێکی ڕۆژنامەی ژیانەوە بە ناوی (هاوارێك لە بەغدادەوە) بۆ منەوەران شبان کورد ئەوانەی لە بەغدان، لەنووسینەکەدا کە بە ناوی کوردێك نووسراوە، زۆر بەڵگەی دواکەتوویی و پێویستی ئێستای کورد دەهێنێتەوە بەتایبەتی ئەو لاوانەی کە لە بەغدان و ئاگایان لەیەکتر نییە و داوای پێکهێنانی کۆمەڵە و خزمەتی میللەتیان لێدەکات، زۆر پرسیاریان ئاراستە دەکات، کە دەبێت چۆن کوردبوونی خۆیان بسەلمێنن، بۆیە دەڵێ: ((ئێوە ئەی تێگەیشتوانی کورد چیتان کرد و چی ئەکەن، حقوق و شەڕەفی میللەت و زمانتان سبەینێ کێ دەپارێزێ؟))[29]، ئەم بەتەنگەوەهاتنە و پەرۆشی زمانە بەرپرسیاریەتێکی گرنگی ڕۆشنبیری و سیاسیی بووە.

**بەرهەڵستەکانی بەردەم خوێندنی زمانی کوردی**

- **بەرهەڵستە دەرەکییەکان**

چەند بەڵێنێك ئیدارەی عێراق بۆ خوێندن لە کوردستانی عێراق بە کۆمەڵەی گەلانی دابوو، وەك ((ماددەی نۆیەم: حوکومەتی عێراق ڕەزامەندی خۆی نیشان دەدات لەسەر ئەوەی لەو قەزایانەی لیوای موسڵ و هەولێر و کەرکوك و سلێمانی کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن، زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی زمانی فەرمی بێت))[30] ، ئەو بەڵێنانەی کە درابوون، وێڕای گرنگیان یاسای زمانە ناوخۆییەکان کە لە ساڵی 1931 دەرچوو، دەکرێ بە ڕەنگدانەوەی خاڵی یەکەمی ماددەی نۆیەمی ئەو بەڵێنانە دابنرێ[31]. دوا بەدوای دەرچوونی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لە بارەی خوێندنی زمانی کوردی لەعێراق وەك زمانی دووەم و بەهۆی پشتگیرکردنی ئینگلیزەکان و پابەندبوونەکانی دەسەڵاتدارانی عێراقی ئەو کات، بەتایبەتی وەزارەتی مەعاریفی عێراقی، کە هەر وەزارەتێك ڕاوێژکاری ئینگلیزی هەبووە و لە نزیکەوە چاودێری وردەکارییەکانی خوێندنیان کردووە، دەسەڵاتداران نەیان توانیووە، بەئاسانی مافی خوێندنی کوردی زەوتبکەن. بۆ نمونە حوسێن حوزنی لە ژمارە (22)ی گۆڤاری زاری کرمانجی لە ساڵی 1930، لە نووسینێکدا بە ناوی (لۆغەتی کوردی لە ئەماکین کورداندا قسەی ڕۆژنامەکان)[32]، باسی نوری سەعید پاشا دەکات دوای وەرگرتنی سەرۆکی وەزیران بڕیاریاندا ئەو بەڵێنەی بەکوردیاندا بە بڕگەی یاسایی جێبەجێی بکەن، دواتر لە ڕۆژنامەی (عێراق) لەبارەی بەڵێنی سەرۆك وەزیران بە دوور و درێژی لێی دوابوو، هەروەها کۆبوونەی حزبی نیشتمانی عەرەبەکان و وتارەکەی علی محەمود محامی لە ڕۆژنامەی (البلاد) لە 13ی نیسان بڵاوکرابووە و لەبەرامبەر فەرمی بوونی زمانی کوردی ڕەتی سەرۆك وەزیران کرابوو، بۆیە لە ڕۆژنامەی (عێراق) و لە 15ی نیسان دەنوسێت، سەرۆك وەزیران هەموو ڕۆژنامەنووسەکانی بانگکردۆتە ماڵەوە، بەرامبەر بە وتارەکەی حزبی نیشتمانی قسەی بۆ کردون، کە لە زەمانی عوسمانییەکان ئێمەش داوامان دەکرد زمانی عەرەبیش ببێتە فەرمی بۆیە، ئێمە دەمانەوێت براکوردەکانمان هاوکاربن و وەکو عەرەبەکان بۆ پێگەیاندنی میللەتەکەیان بکۆشن. لەبەرامبەر ئەوەشدا زۆرێك لە کەسایەتی و فەرمانگەکانی ڕواندز و سلێمانی و کەرکوك لە بەرامبەر یاسای زمانی فەرمی کوردی بروسکەیان بۆ سەرۆك وەزیران ناردووە[33].

هەوڵەکانی ئینگلیز بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی و عەرەبی لەعێراقدا لەپێناو سڕینەوەی شوێنەواری عوسمانی بوو، بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لەناوچە کوردنشینەکان کارێکی هەروا ئاسان نەبوو، بۆیە زمانی کوردی زیاتر وەك ئەلتەرناتیڤێکی زمانی تورکی و عەرەبی بەکارهات، بەتایبەتی ئینگلیز بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان، دڵسۆزیی خۆیان بۆ زمانی کوردی پیشاندەدا، ئەو پڕۆگرامەی ئینگلیز کاپتن فارل بۆ مصر دایناببوو، بۆ باشور و ناوەڕاستی عێراق زیاتر دەگونجا و کارگێڕی عێراقی عەرەبی زیاتر هەوڵی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەسەریدا زاڵبوو، ئەگەرچی ئینگلیزەکان هەوڵی بەکوردیکردنی پڕۆگرامەکەیاندا، بەڵام پڕۆگرامەکان لە ڕووی ناوەرۆك و فیکرییەوە نەگۆڕاوە، قوتابیانی کورد پێیەوە پابەند بوون[34]، کەواتە مافی خوێندنی کوردی لەڕووی پڕۆگرامەوە مەرجداربووە، هەمان ئەو بیر و ژینگە عەرەبییەی بەسەردا زاڵ بووە، کە پێویست بوو خوێندنی کوردی پێیەوە پابەند بێت.

ڕێگریکردن لە نەگۆڕانی ناوەرۆکی پڕۆگرامەکانی خوێندن یەکێك بووە لەو گرفتانەی کە بەهۆی بیرکردنەوەی شۆڤینیانەی عەرەب بەتایبەتی (ساطع العصري) پێداگیری لەسەرکراوە ((لەو سەردەمدا عێراق تازە خەریکی دانانی سیستەمی پەروەردە و پڕۆگرامەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی بوو بۆ ئەو مەبەستە (ساطع العصري) کە پەروەدەکارێکی نەتەوەپەرستی عەرەب بوو هێنرایە بۆ عێراق و کرا بە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەموو عیڕاق حوصەری یەکێکە لە تیۆیسیەنەکانی بیری نەتەوەی عەرەب و، هەر بەو گیانەش ئەیویست سیستەمی پەروەردەی عێراق و پڕۆگرامەکانی خوێندن بۆ قوتابیانی مەکتبەکان دابنێ))[35] ((زۆر لە هەوڵەکانی مەبعوسەکانی کورد و مامۆستا شارەزاکانی بواری پەروەردەی کوردی، لەلایەن ئەمەوە تەگەرەی لێ ئەدرا و، نەی ئەهێشت جێبەجێبکرێن))[36] ، هەڵبەتە بەشێکی دیکەی کێشەکانی خوێندنی کوردی لە لیواکانی کوردستان بەهۆی پشتگیری هەبوونی بۆچوونەکانی دیکەی نووێنەرانی کورد بووە، نمونەی دادود حەیدەری نموێنەری هەولێر دژی خوێندنی کوردی بووە لە هەولێر بەمەش کاردانەوەیەکی هەمەجۆر لە ڕۆژنامەکوردییەکان و هاوڵاتیانی کوردستانی لێکەتۆتەوە.

کێشەکانی خوێندنی کوردی لە بیستەکانی سەدەی بیستەم جۆراوجۆربوون، تەنانەت دانانی پیتەکان و چۆنیەتی نووسین و پڕۆگرامی ئەلفبێێ کوردی و وەرگێڕان، بە ماندبوون و ململانێی سەختدا تێپەڕیووە، وەك هەوڵی دانانی پیتەکانی کوردی و سود وەرگرتن لە پیتە پەسەنکراوەکانی تورکی و فارسی ئەوانەی لەگەڵ کوردی هاوبەشن، لە نێوان پڕۆژەیەکی پێشنیازکراوی تۆفیق وەهبی و ڕاوێژکردن بە گەورە پیاوانی کورد و ململانێکانی نێوان (ساطع العصري) بەڕێوەبەری مەعاریف و تۆفیق وەهبی و بەهۆی کێشەنانەوە، تەنانەت سەرۆك وەزیرانی ئەو کات (عبدولمحسن سعدون)، بەمەبەستی هاوسەنگی و ڕێککەتنەوە هاتۆتە بەینەوە، بەوەی چۆن جۆرە یەکخستنێك لە نێوان خوێندنەوەی نووسینە کوردییەکان و خوێندنەوەی پیتەکانی قورئانی پیرۆز دروستبکەن، کە بە زەحمەتیێکی زۆر هاتۆتەدی[37].

لە ژمارە (48)ی ڕۆژنامەی ژیان ساڵی 1927، لە دژی بۆچونی دادود حەیدەری و بەکوردی نەخوێندن (م.محەمەد ئەدیب) لە ژێر ناونیشانی (بۆ مەبعوسێکی حەق لەژێر پێنەر) داکۆکی لە مافی خوێندنی کوردی دەکات و وەڵامێکی توند دەداتەوە، بە تایبەتی ئەو هەڵوێستەی نوێنەرانی کەرکوك و هەولێر لە ڕۆژنامەی عێراقدا لە ژمارەی (2149) بڵاوکراوەتەوە، نوێنەرانی هەولێر و کەرکوك نەشئەت ئیبراهیم و یوسف ئیبراهیم و ئسماعیل بەگ لە کاتی گفتوگۆی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر بوجەی مەعارف ڕەخنەیان لە ناتەواوییەکانی مەعاریفی لیواکانی باکوور و گرنگی پێنەدانی حکومەت و داوای گشتگیرکردنی خوێندنی کوردیان کردبوو، داواکاری قوتابخانەی ناوەندی لە هەولێر و کەرکوکیان کردووە، ئەمین زەکی بەگیش پشگیری داوایەکانی کردبوو، بەڵام داود حەیدەری پێچەوانەی ئەوان ڕەخنەی لە فێربوونی زمانی کوردی گرتووە، کە منداڵان ناتوانن سێ زمان بخوێن، بۆیە (م.محەمەد ئەدیب) بەچەند خاڵێك ئەو مافە وەك ڕوایەتی دەبینێ و بەتایبەتی کە دانیشتوانی زۆری کوردن، هەروەها قوتابیاتن زۆرباش دەتوانن بە کوردجی قسەبکەن، بۆیە پێی دەڵێ کەسێك لەبری ئەوەی کە پشتگیری مافی ئەو کەسانە بکات، بەپێچەوانەوە زیان بە مییللەت و هیواکانیان دەدات، هەر لە ڕۆژنامەی (ژیان) لە ژمارە (49) لە ساڵی 1927 دا ئەم هەڵوێستەی دادود حەیدەری نەك لەلایەن ڕۆژنامەنووس و خوێنەران ناوبراو ڕەتکراوەتەوە، بەڵکو لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانیش ئەم هەڵوێستانە بەفەرمی ڕەتکراونەتەوە، هەروەك وێنەیەکی تەلەگراف بە ئیمزای چەند کەسایەتییەکی ڕواندز بڵاودەکاتەوە، وەك لە وێنەکەدا هاتووە: ((لە ئەسنای موزاکەرەی میزانیەی مەعاریف دا لە عەلەیهی تەعلیمی کوردی مناقەشەکەتان لە غەزەتە خوێندرایەوە، حیرەتمان کرد، ئێوە کە ئاگاداری ئیحتیاجاتی مەملەکەت و ئارەزووی میللەت نین، رەجا بەو نەوعە جەسارەت مەنوێنن))، ژمارە (49).

یەکێکی تر لە دژە بۆچوونەکانی زمانی کوردی، (ڕەشید مفتی هەولێری)یە بەسیفەتی ئەوەی هەولێرییە و شارەزای تەردیساتیشە لە ڕۆژنامەی عێراقدا ئەوەی بڵاوکردۆتەوە، کە قوتابیی هیچ ئیستیفادە ناکەن و باوکان ڕەزامەندیان لەسەر نییە، هەروەها قوتابیان دەمێننەوە و دەرناچن لە ژمارە (71)ی ژیان ئەم هەڵوێستە بەرپەرچ دراوەتەوە، کە ئەم کارەی لەخۆەوە نەکردووە، نووسەر زۆر بەتوندی وەڵامی داوەتەوە. نمونە دەهێنێتەوە قوتابیان چونەتە بەغدا زۆر سەکەتووبن و لەوێشتەوە بەمەبەستی خوێندن بۆ وڵاتە یانییەکان چوون و زۆریش سەرکەتووبوون.

بۆچوونە دژەکان و بەهانەی نەخوێندنی کوردی بەتایبەتی لەلایەن کوردەکان خۆیان، پاڵپشتیکردنی بیری شۆڤینی عەرەبی، وایکردووە تەنانەت لە ڕاپۆرتەکانی موعتەمەدی سامی، وەك بەڵگە بهێندرێتەوە، لە کۆمەڵەی گەلانیش باس بکرێت. لە ژمارە (23)ی گۆڤاری (زاری کرمانی)دا ، حوسێن حوزنی موکریانی نووسیویەتی (خوێندن و مەعاریف

کوردستان لە عوسبەت و لئومەمدا) لە دانیشتنی شازدە، هەتا شەشی کانوونی یەك 1929 ژمارە بەرگی (5830)م(192)، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان (مستەر مل دننڤیك) لە دانیشتنەکەدا بە گلەیی و گازاندەی شاگردانی کورد، بەپێی ڕاپۆرتی مندوبی سامی لە عێراق لاپەڕە 192 ، کە گرنگی بەخوێندنی کوردی نەدراوە، لە خوێندنی گەورەی عەرەباندا کتێبەکانی خوێندن نیوەی بە کوردی و بەعەرەبییە، ناوبراو بە مستەر بۆردیلۆن وەکیلکی موعتەمەدی سامی دەڵێت، پێویستە بایەخ بە زمانی کوردی بدرێت، ئەویش دەڵێت: ((لەبەر ئەمە کە ئیتفاقیکی ڕویداوە کە تەحصیلی عالی کوردەکان بە لوغەتی عەرەبی بی. جگە لەوەشی هەرچیکو کتێبیی تەدریسات ئەمرۆکە هەمووی بە عەرەبییە لۆغەتی عەرەبی بۆ کوردان زیاتر مەنفەعەتە!))[38]. حوسێن حوزنیش لە پەراوێزی ئەو ڕوداوانەدا دەڵێ: سوودی ئەمە لە چی دایە؟ زاناکانی کورد زۆر لە عەرەب زیرەکترن و کتاب ودانانیان زۆرە، ئەگەر وەك سوودیش بێت کوردەکان سوودی لێنابین پێویستە دوای سەرەتایی و ناوەدی کوردەکان لۆغەتی ئەورووپایی بخوێنن.

بۆ هەمان مەبەست حوسێن حوزنی لە نوسینێکی دیکەدا بە ناوی (مەکتەبی کوردستان بە بری سەرکەوتن بە ئاوەژوو دەچێت) لە ژمارە (22)ی گۆڤاری (زاری کرمانجی)، جارێکی دیکە دەچێتەوە سەر هەڵوێست و دەربڕینەکانی وەکیلی معتەمەدی سامی و سەرۆکی کۆمەڵەی گەلان، کە پشتیان بە هەندێك ڕاپۆرت و داوکارانی چەند کەسێکی لەدەسەڵاتی ئەو کات و مەعاریف بەستووە، حوسێن حوزنی لەبارەیانەوە دەڵێ: ((ڕەئیسی کۆمەڵەی ئەقوام و یا فەخامەتابی مستر بۆردیلۆن ملاحەزەی ئەوەیان نەفەرمووە کە ئەو پیاوانە بۆ سەربەرزی منداڵانی کورد کۆنەبونەوە و لەو کۆبونەوەیەدا موتاڵیبیان پاشخستنی معارفی کوردان بوو! نەك خزمەت!))[39]، هەر لە درێژەی وتارەکەیدا حوسێن حوزنی دەڵێ ئەو پیاوانە ساڵی پار خۆیان داوای خوێندنی عەرەبی لە سانەویە دەکرد، یان داوایان دەکرد لە پۆلی پێنج و شەش بۆ سانەویە خۆیان ئامادەبکەن و عەرەبلی بخوێنن، لە بەرامبەر ئەوەشدا منداڵەکانیان دەنارده مەکتەبی جولەکەکان.

ئەو بەرهەڵستیانەی کە باسکران بەتایبەتی بەرهەڵستی نوێنەرێکی کورد لە بەغدا کە پشتگیری زمانی عەرەبیان دەکرد و لەگەڵ سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی عەرەبی هاوڕابوون، بێگومان کاریگەرییان لە ڕاپۆرتەکەی مەندوبی سامی کردووە، کە وەك خواستی واقیع ئەمە هەیە، نەك کوردی ڕەتکرابێتەوە. بۆیە حوسێن حوزنی بە ناوی خدۆك لە کۆتایی نووسینەکەی خۆیدا دەڵێ: ((بۆچی دەبێ لە مەکتەبەکانی قەزا و ناحیەکانی هەولێردا منداڵانی بچوك ئیجباربکرێن لە هەموو سنفەکانا زبانی بیانی بخوێندرێت وجدانی گەورە کاربەدەستان کورد ئەو حاڵە چۆن قبوڵ دەکا و بۆچی مەکتەبەکان نەپشکێندرێن و نەزانرێن کتێبە کوردییەکانی لە معارفەوە ناردراون چیان لێهات و وە بۆچی ناردرێن بە شاگردانی مەکتەب)) ژمارە (22)ی گۆڤاری (زاری کرمانجی)ی ساڵی 1930، ل4.

ئەوە پێویستی بەهەڵوەستەکردن هەیە، زمانی کوردی ئەگەرچی لەچوارچێوەی دەسەڵاتدارانی حوکومەتی عێراقی ناچاربوون ملکەچبن، بەڵام لێرە و لەوێ بەهۆکاری جۆراوجۆر زۆرجار تەگەرە لەبەردەم خوێندنی کوردی دروست دەکرا، وەك بیانوی نەویستنی خوێندنی کوردی لەهەندێك ناوچەی کوردستان، نەبوون و کەمی چاپی کوردی، تا قوتابیان بەناچار سوود لە کتێبە عەرەبییەکان وەربگرن و عەرەبی بخوێنن، یان بەهۆکاری یاسایی جۆراوجۆر و هاندانی خەڵکانی تر، کە نزیکبوون لە دەسەڵات و بیرکردنەوەی ئەوانیان هەڵگرتبوو.

یەکێك لەو تایبەتمەندییانەی گۆڤاری (زاری کرمانجی) و پەرۆشی حوسێن حوزنی بۆ خوێندن و خوێندەواری و زمانی کوردی و مافی کوردان، بایەخدان بوو بە فەرمان و نووسراوە فەرمییەکانی سەردەمی خۆی لە ڕووی یاساییەوە زۆر زانیاری خستوتەڕوو، بەتایبەتی ئەو جۆرە لامەرکەزییەی بەریتانیای مەزن بۆ کوردستانی بریاردا بوو، لە زۆر ڕۆژنامەکانی دونیا و عێرقی ئەو کات وەك ڕۆژنامەی (الأوقات البغدادیە)، لە 25 ئازار 1925 لە ژێر ناونیشانی (لامرکزیە الکوردیە) بە زمانی عەرەبی بڵاویانکردبووەوە، وەك خوێندن و مامۆستایان فەرمانبەرانی کورد زمان و خوێندنی زمانی کوردی وەك بەشێکن لەو لامەرکەزیەتە، بۆیە حوسێن حوزنی لە گۆڤاری (زاری کرمانجی) لە ژمارە (10) بەناوی (لامەرکەزیەتی کوردان) نووسیەتی و چەند زانیارییەکی یاسایی وەك بەڵگە دەخاتەڕوو، لەوانە لێژنەی (حدود ئومەمی حوکمی نهائی لە ئیدارەی محەلیدا)، لەسەر بریاری ئەنجومەنی نەتەوەکان (مجلسی ئەقوام)، بەسیفەتی مەندوبیوون بەریتانیای گەورە ڕاسپێردرا، کە دەبێ لە کوردستاندا ئیدارەیەکی ناوچەیی دابمەزرێ، دەبێت داوا و مافەکانی کورد بەهەند وەربگیرێ، دەبێ حکومەت بایەخ بەو ناوچەیە بدات و هەموو مافێکی خوێندن و فەرمانبەر و بەڕێوەبەران لەخۆبگرێت. زمانی کوردی دەبێت زمانی ڕەسمی بێت، هەروەها وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیای گەورە لە 3ی ئەیلولی 1925 لەبەرامبەر ئەنجوومەن، وتارێك دەخوێنێتەوە ئاماژە بە بڕیارەکانی لێژنەی سنوری

نەتەوەکان (لجنەی حدود اممی) و بڕیاری ئەنجوومەنی گەلان (مەجلسی ئەقوام) دەکات، پێویستە حکومەتی عێراق بە جدی هەوڵی بۆ بدات و مافەکانی خوێندن و زمان و فەرمانبەرانی کورد نەژاد و مامەڵە بە کوردی بێت، دواتر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە پاش بڵاوبوونەوەی ئەم بەیاننامەیە بەسەر وەزارەت و مەندووبەکان دابەش دەکات و لە ئەنجومەنی نوێنەران وتارێك دەخوێنێتەوە، کە دەبێ ناوچەی کوردستان ڕێکبخرێت و بکەوێتە کار، هەموو ئەو مافە دیاریکراوانە دەبێ جێبەجێبکرێن، ڕۆژنامەکانیش بڵاویانکردەوە. وەکیلی موعتەمەدی سامی وتارێکی ئاراستەی حکومەتی عێراق کرد، کە کورد نە عەرەب و نە ئەوروپاین، پێویستە ئەوانیش هەموو ماف ئەرکێکی خۆیان بزانن و هەموو هۆکار و ئامارازێکی ئاسانکاریان پێشکەش بکرێت، هەروەها بەپێی نووسینەکەی حوسێن حوزنی موکریانی، بۆ ئەم پرسە مەلیکی عێراقیش لە وەڵامدا دەڵێت، لەسەر هەموو عێراقییەکی ڕاستگۆ پێویستە گەرموگڕی بدەنە برا کوردەکانمان کە زمان و جنسیەتی خۆیان ڕاگرن[40].

حوسێن حوزنی ئەو بەڵگە یاساییانەی کە باس دەکات مەبەستی ئەوەیە زۆر بەڕاشکاوی دابەزێتە سەر ئەو کەسانەی کە پێچەوانەی ئەو ئەرك و مافانە بیردەکاتەوە، بەپیاوی ناپاك وەسفیان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا گازاندەی خۆیی بۆ جێبەجێنەکردنی ئەو بڕیارانە بەچەندین نمونە پێشکەش دەکات ((بەڵێ بەڕاستی قەراری لیجنە حدودی ئومەمی و جەمعیەتی ئاقوام ئەوەبوو کە ....و دەوڵەتی بەریتانیای گەورە و حکومەتی عێراق کەمەری ئیجراکردنی ئەوەیان گرێدا؛ بۆ تەئلیفات کوردی و ترجەمەکردن کتێبیان: لیجنەیێکی ترجومانیان لەبەغدا تەشکیلکرد. کەچی ئەمڕۆ ئەو قەرارە هیچ تەتبیق ناکرێت، هیچ مراعات حقوقی میللەتی کورد ناکەن، هەموو ڕۆژێ ڕاپۆرتی ئەوڕاق ئەوامر لە بەغداوە بە عەرەبی و لە جێگایانی دیکەوە بەتورکمانی جرەیان دێ))[41] ، حوسێن حوزنی لە درێژەی گازاندەکە و نیگەرانییەکەیدا باسی گرفتی نەزانینی زمان و گەڕان بەشوێنی کەسانی عەرەبی زان دەکات, تا بتوانن لە مامەڵە و ئەوڕاقەکان تێبگەن، جگە لەوەش گرفتێکی دیکەش ئەوەیە زمانی بیانی لە مەکتەبەکان باوە دەڵێ: ((دوو سێ کتێبێکی کوردی کە ئەمساڵەکە بۆ صندوقی مەکتەبە تەبع کراون هەندێك مامۆستایان کە لە تەعلیمات بیانیان فێرکراون لەبەر موتەعەصب و بەخیلی و نەکیشان بە منداڵەکانمان ناخوێنن))[42]، حوسێن حوزنی موکریانی هەر لە درێژەی تێگەیشتنەکەی خۆیدا، بۆ ئاستەنگەکان بەڵگەیەکی دیکە بەدەستەوە دەدات، کاتێك پشکنەرێکی قوتابخانەش کە دێت، ئیتر قوتابیان بەچاکی بەباشی فێرنەبوون و هیچ لێپرسینەوەیەکیش ناکرێت بۆچی و چۆنە؟[43]

حوسێن حوزنی موکریانی وتاری مەکتەبی کوردستان لەبری سەرکەوتن لە بەراوەژوو دەچێت) بۆ نەخوێندنی کوردی و ململانێ عەرەبی لە جێی کوردی بەتایبەتی لە لیوای هەولێر وەك گرفتێك دەبەستێتەوە بەو سەرپەرشتیارە پەروەردەییانەی کە کوردنین و دژی خوێندنی کوردیشن، وەك دەڵێ ((ئەوانە هەمووی لە سایەی مفەتشی مەعارفەوەیە تفتیشی هەر سێ لیواکانی کوردستان لەژێر دەستی دوو مفەیش دان هەردوك بێگانەن و فڕیان بەسەر کوردیەتەوە نییە، بەڵك هەتا مومکینیان بێت بۆلابردنی خوێندنی کوردی دەکۆشن))[44]، کەواتە ئەو بەرهەڵستە دەرەکیانەی لە دەرەوەی ویستی هاوڵاتیان بوون، ئەگەرچی وەك مافیش کۆمەڵێك یاسان بۆ دەرکردووە، بەڵام وەك باسکرا بەبیانوی جۆراوجۆر و بەناڕاستەوخۆیی کۆمەڵێك لەمپەر لەبەردەم زمانی کوردی و خوێندنی کوردی دانراوە، بۆیە سەرنجی ڕۆشنبیران و خوێنداوارانی ڕاکێشاوە، و بە بابەتی جۆراوجۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ئاماژەیان پێداوە.

- **بەرهەڵستە ناوخۆییەکان**

کوردستان بەهۆی نەبوونی قەوارەی سەربەخۆیی و پەرتەوازەیی دەسەڵات و بەهۆکاری جۆراوجۆرە نەیتوانیووە، لە ڕووی کارگێڕیی خوێندن و زمانەوە، ئاستی هۆشیاری تاکی کورد بگۆڕێت، بەتایبەتی لەسەردەمێکدا بەهۆی ئەو بارە ناهەموارەی بەسەر کورددا هاتووە، لەژێر ستەم و چەوسانەوەدا، کورد نەیتوانیوە بۆ هەموو تاکەکانی کوردستان ئەو مافە فەراهام بکات. هەر دامەزراوە و ڕاسپاردەیەك بۆ خوێندن لە کوردستاندا پێشوازی لێکراوە، ئەو سەرپەرشتیکردنەی ڕاستەوخۆی هەندێك لەپشکنەران و ڕاوێژکارانی بەریتانی وەك کارگێڕی بەریتانی بەسەر پرۆسەی خوێندندا، لەلایەن زۆر لە مامۆستایان ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەو کات ستایشکراون. ((بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین خەڵکی کوردستان باوڕێکی وایان لادروستبوو کە ئیدارەی بەریتانی لە عێراق ئامادەیی هەیە هەندێ دەستکەوتی زیاتر لەبواری خوێندن بۆ ناوچەکەیان دابین بکات))[45]، هەروەك چۆن لە سەرەتای دەسەڵاتی ئینگلیز ئەو هەوڵە جێبەجێکرا.

له سەرەتای بڵاوبوونەوەی خوێندەواری له كوردستاندا زۆر هۆكار و بەربەست لەبەردەم چەسپاندنی خوێندن و نووسین بەزمانی كوردی له ئارادابوون، بەتایبەتی له قۆناغێكدا، نه باری ئابوری نه ڕۆشنبیری ئەوتۆ له ئارادانەبوو، زۆر هۆكاری ناوخۆیش وەك بەربەست دەركەتن، گرنگترین ئەو خەسڵەتانەی كه ڕۆژنامه و گۆڤارەكان باسكراون، هەمیشه له وتار و بانگەشەكانیان پەیامی ڕۆژنامەوانیان دەركەتووە، بەتایبەتی لەخوێندنی كوردی و پاكردنەوەی زمانی كوردی له وشەی بێگانه وەك بیركردنەوەی باوی كەلتوری بەرامبەر به خوێندن، بیركردنەوەی تەسكی ئاینی، ململانێی شتی تازە، بۆیە بڕوا و متمانه دروستكردن بۆته پەیامی ڕۆژنامەكان، بەتایبەتی هەوڵەكان وەك ئامانج چڕكرانەوە، بۆ دروستكردنی ئەو باوەڕەی كه ڕێژەیەكی بەرچاو خەڵكی ئەو كات، باوەڕی به خوێندن نەبووە، بەڵكو هەوڵی دروستكردنی ئاراستەیەكی پێچەوانه درا، كه خوێندن مایەی پێشكەوتن و هۆشیارییە، نەك تێكچوونی ئاكار و بێ دینی، بۆیە له بەشێكی گرنگی ئەو پەیامانه پشت به نمونەكانی ئایەت و فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) بەستراوە، بۆ ئەوەی خەڵك له ڕووی ئاینییەوە متمانەی بۆ دروستببێت و بەناوی دینەوە توشی هەڵە نەبێت.

له ژمارە (15)ی گۆڤاری (دیاری كوردستان) وتارێكی (عەبە عەزیز هەولێری) بەناونیشانی (قوتابخانه) بڵاوكراوەتەوە، نووسەر تیشك دەخاتە سەر پێشكەوتن بەهۆی خوێندەواری و ناردنی قوتابیان بۆ دەرەوە و هەروەها نمونه هێنانەوە به ژاپۆن، كه لەسەدا نەوەد و شەشی خوێندەوارن، نووسەر له وتارەكەیدا زۆرپەرۆشه بەوەی كورد هێشتا له خەوی غەفلەتە، دەڵێ: ((قوتابخانه جێی بەد ئەخلاقی و بێدینی نییە، قوتابخانه جێی ئەدەب و عیرفانه، تجلیكاه یەزدان و ویجدانه (هل یستوی الزین یعلمون و الزین لایعلمون) صدق الله العقیم)).له ژمارە (5، 6، 9) پیرۆت له سلێمانی به زنجیرە وتارێك لەسەر (ئافرەتی كورد: مەوقیعی ئیجتماعی) له سێ زنجیرە دا نووسەر وێڕای باسكردنی ئازادی ئافرەت و داواكردنی كردنەوەی خوێندنگەی كچان، هەروەها نمونه به فەرمودەیەكی پێغەمبەر (د.خ) هێناوەتەوە، كه هەموو كەسێكی نێر مێ لەسەریەتی بخوێنێت، دوای ڕەزامەندی كارگێڕیی و كێشەی پەیداكردنی مامۆستای ئافرەت، دواتریش دوو ئافرەتی كورد له بەغدا دەكات، پەیامیشی بۆ نوێنەرانی كورد له بەغدا ئەوەیە هەڵوێستی جدی بۆ ناوچەكانی تریش بنوێنن.

یەكێك لەو گرفتانەی زمانی خوێندن و نووسینی كوردی وەك هۆكاری ناوخۆیی لەسەرەتای سەدەی بیستەم بەهۆی باوەڕی ئاینی، یان بیركردنەوەی ڕەگەزپەرستانه لەڕووی پله و پایەوە بەئاستێكی نزم تەماشاكراوە، یان وەك ئاستی خوێندن و نووسین لەبەرچاو نەگیراوە، له ژمارە (87)ی ڕۆژنامەی (پێشكەوتن)دا (ڕەسول ناجی) وتارێكی نوسیووە به ناوی (زمانی خۆمان له بیر نەچێ)، وێڕای هاندانی پەیڕەوانی زمانی كوردی، نمونه دێنێتەوە كه عەرەب به كورد دەڵێن (كورد ما عندهم لسان)، ئەم وەڵامنامانه بۆ ئەوەیە، كه كورد دەبێت لەو باوەڕە نادروستانه ڕاستبكرێتەوە. پشتگیریكردنی زمانی عەرەبی یان مانەوەی زمانی عەرەبی، وەك نووسین پەیوەستكراوە بەپێویستی بوون و بەشێك له ڕووی باوەڕی ئاینییەوە پەنایان بۆ ئەو ئەو بەڵگەیە بردووە.

له نموونەیەكی تردا ژمارە (89-90)ی (پێشكەوتن)دا، نووسەرێك بەناوی (قەرەداخی مستەفا) بەناوی (تەدریساتی عەرەبی) وابیر دەكاتەوە كه ئەو كارە دەبێته هۆی داخستنی حوجرەو مزگەوتەكان، پێشی وایه خوێندنی عەرەبی خێری دونیا و قیامەتە، لەبەرئەوەی (نوسراوەكان عەرەبین، دراوسێمانن، فەرقی زمان نییە، زمانی ئاینه)، ئەم جۆرە بیركردنەوەیە وایكردووە، بەشێكی بەرچاو له نووسینەكان ببنه وەڵامی ئەو جۆرە تێگەیشتنه، چونكه ئەم جۆرە تێگەیشتنه نەك ڕێگری له زمانی كوردی دەكات وەك خوێندن و نووسین، بەڵكو پلەی زمانی كوردی لەبەرامبەر زمانی بێگانه له كوردستاندا دەخاته پلەی دووەمەوە.

حوسێن حوزنی له وتارێكیدا له ژمارە (12)ی ساڵی 1928، لەژێر ناونیشانی (هەموو له خۆمانەوەیە و ئێمه سەبەبین)، وەك وتارێكی هۆشیاركردنەوە و كەموكورتی له بیركردنەوەی ئەوسای تاكی كورد و بایەخی خوێندەواری ڕووندەكاتەوە و دەڵێ: ((ئێمه گەڵێكمان هاواركرد و دیسان هاواردەكەم و دەبێژم كه منداڵەكانمان زۆر مەغدوور دەكرێن لەباتی پێشكەوتن وەپاش دەكەون))[46]. ((هەموو كەسێك دەزانێت سەبەبی بڵندی میللەت و ئاوەدانی وەتەن مەكتەبە، مەكتەبیش به تەحصیل منداڵ پێدەگەینیت، تەحصیلیص به مامۆستای بەدەست مامۆستا تێگەیشتوو وەدەست دەكەوێ))[47].

یەكێك لەو وتارانەی كه له بارەی زمانی كوردی و پرسی زمانی كوردی وتارێكی ("مستەفا شو قی"یە له بەغدا بەناونیشانی "زمان و نووسینمان") له ژمارە (21)ی گۆڤاری (زاری كرمانجی) ل5-6 له ساڵی 1930 بڵاوكراوەتەوە،

وێڕای باسکردنی زمانی دایك و بایەخی زمان و بەستنەوەی هازمانان لە ڕێی زمانەوەیە، بۆیە نووسەر وێڕای هۆکاری داگیرکاری لە زەوتکردنی زماندا چەند بۆچونێکیش دەخاتەڕوو ((میللەتی کورد لەبەر خۆشەویستی زمانی خۆی بێزی نەهاتووە و بە ئەتکی زانیووە بە زمانی غەیرە فێری خوێندن و نووسین بێت))[48] ، لە بارەی زانا و خوێندەوارانی کورد، کە بە زمانی بێگانە شتیان نوسیووە، کتێبیان بەزمانی تر داناون هیچ سوودیان بۆ کورد نەبووە، بۆیە نووسەر دەڵێ: ((لەبەرئەوەی بە زمانی غەیرە فێری خوێندن و نووسین بوون وە لە قوتابخانە و مەکتەبی غەیرەدا بەخێوکراون و پێگەیشتوون و بە زەییان بە میللەتی خۆیان نەهاتووە. تربیەی بێگانە وا لە مێشکیان کاریان کردووە ئێستاش هیوایان تێدا هەڵ ئەکەوێت نایەوێت بە زمانی کوردی خوێندن و نووسین دابمەزرێت))[49] ، هەروەها لە بارەی نەخوێندنی کوردی لەناوچەکانی دیکەی کوردستاندا دەڵێت: ((دوو بەش برا کوردان (...) کە لە خوێندن مەحروم ماونەتەوە سەبەبەکەی ئەمەیە، ئەگینا چی خوا هەڵئەگرێت برا کوردان کرکوك و دهۆك و ئاکرە. ئامید. زاخۆ. ئەو ناوە کە سەرچاوەی کوردستانن بە زمانی خۆیان نەخوێنن؟))[50]. هەروەها لە بارەی زمانی دایك وەك پلە و پایە دەخاتە پێش زمانەکانی دیکە ((ئێمە ناڵێین جگە لە زمانی کوردی هیچ زماێکی دیکە ناخوێنین! ئێمە ئەوەلیین زمانی خۆمان بەسەر هەموو زمانێکا خۆشەویستر و بە فەرق ئەبینین، ئەمانەوێت مەعاریف لە ڕوحی کوردایەتی بوەشێتەوە لەگەڵ ئەمەش ئەم زمانانەی کە پێویست بێت خۆمان ئاواتخوازین کە فێری بین))[51]

بایەخدان بەچاپ و چاپەمەنی یەکێك بووە لەو پێویستیانەی کە لەو سەردەمدا بەرچاوخراوە (ع.عەزیز) وەك مامۆستایەکی خوێندنی سەرەتایی نوسینێك لە ڕۆژنامەی (ژیان) ژمارە (234)ی ساڵی 1930 دەنووسێت بەناوی (مەتبوعاتمان) دەڵێ: ((بناغەی مەعرفیش مەتبوعاتە وە یا بناغەی مەتبوعات مەعاریفە، لەدوایی دا ئیقتیساد و، لەپێش هەموویاندا، ئینجا عەمارەت سیاسەت و سائیرە))، هەروەها نوسەر وەرگێران بەپێویست دەزانێت لە چوارچێوەی ئەویشدا پڕۆگرامی خوێندنە، نووسەر زۆر نمونە بە پێشکەوتنی وڵاتان و ئەزموونی وەرگێران دەهێنێتەوە و خۆشحاڵیشە بەو گشتاندنەی حکوومەت داوای لە مامۆستایان کردووە، کە کراوە و هاوکاربن لەکاری وەرگێراندا، لە ژمارە (237)ی (ژیان) لەساڵی 1930 لەبەشی دووەم و هەندێك کەمووکورتی کتێبەکانی وەرگێران دەخاتەڕوو و داواش دەکات خەڵکی پسپۆر تایبەتمەندی بوارکە ئەم کارە بکات، لەبەرامبەر ئەمەشدا (عەبدولواحید نوری) وەڵامی مامۆستا (ع.عەزیز) دەداتەوە، لە ژمارە (237)ی ڕۆژنامەی ژیان، بەناوی (کتێبەکانی مەکتەبەکانمان)، لە وەڵامنامەکەیدا، کێشەی وەرگێران وەك کەموکورتی لە وەرگێران دانی پێدادەنێت و فرۆشتنی کتێبەکان کوردی کەمە، وەك بەرگری کردنێك لەخۆی دەڵێ ئەگەر وەرگێرانەکەی من خراپە بۆ ئەمین زەکی پەسەندی کردبوو. کەواتە وەك گرفتێکی ناوخۆیی سەرەتای سەدەی بیستەم و خوێندی کوردی نەبوونی و کەمی لە توانستەکانی وەرگێران بووە.

حوسێن حوزنی لە نووسینێکدا بە ناوی (کوردستان گەلێك لە معارف مەحروم کراوە). لەنووسینەکەیدا بەراوردێك لە نێوان لیواکانی جنوب و کوردستان دەکات کە لە کوردستاندا کەموکورتی زۆرە نەبوونی شت و کەلوپەل و هەروەها نەبوونی پەرۆشی نوێنەرانی کورد، بەتایبەتی حکومەت کۆمەڵێ بڕیار داوە، بۆیە حوسێن حوزنی دەڵێ ((تاوەکو ئێستا گەلێك جار هاوارمان کردووە کە کورد لە معارف مەحروم کراون دەنگمان بەکەس ناگات کوردێکی بە ویژدان و گەورەیەکی معاریف پەروەری کوردیش دەست ناکەوێت کە ئەو وەزعیەتەی مەعارف بەجێگا بەرزەکان ڕابگەیەنرێت))[52] ، وەك لە نووسینەکەدا هاتووە، کوردستان دە ساڵ لە دوای جنوب و موسڵە، بۆیە جگە لە ناوبردنی هەوڵەکانی جەمال بابان بۆ لێپرسینەوە، کەمتەرخەمییەکە دەخاتە ئەستۆی کوردان لە نووسینەکەدا داوا لە گەورەکان دەکات کتێبێك لەسەرمێژوو جوگرافیای کوردی بێت، باشترە، منداڵان سوود وەردەگرن، دەشپرسێ بۆچی لە معارف ئەوانە قەبول ناکرێت.

### هاندانی خوێندن و لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم خوێندن

زۆر وتار و بابەت لە گۆڤاری (زاری کرمانجی) بڵاوکراونەتەوە، ڕاستەوخۆ باسی خوێندن و خوێندەواری ناکات، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەرکی لایەنی هۆشیارکردنەوە دەبینێت. وەك وتاری بابەتی (دەردی دەروون) بابەتی (وریا- نەزان)، بابەتی (وەتەن خۆشویستن چۆن دەبی) و (موحتاجی زانین عیلمین)...هتد، لەو جۆرە نوسینانەدا بە تایبەتی نووسینەکانی سەرنووسەری گۆڤارەکە حوسێن حوزنی خۆی زیاتر ئەو جۆرە نووسینانەی نووسیوە، وەك باسکردنی پەروەردەکردنی منداڵ و وەتەن پەروەری باوەڕی زۆر جەختی لەسەر کراوەتەوە و باوەڕیشی وایە هەموو ئەمانەش بە زانست و زانیاری دەبێت[53].

زۆر بابەتی تر لەبارەی زانست و زانیاریی لە ووژاندنی سوودی خوێند وەك ئامانجدارکردنی ئەو پرسیارانەی وەك بابەت کورد بەچی دواکەتووە و بەچی پێش دەکەوێت لە ژمارە (18)ی گۆڤاری (زاری کرمانی)، هەروەها دابەزاندنی زۆر هەواڵ وەك کردنەوەی مەکتەب و ناردنی قوتابیان بۆ دەرەوەی وڵات و هاتن و چوونی مامۆستایان چالاکی قوتابخانەکان...هتد[54].

لە دیاری کوردستان (1925-1926) کۆمەڵێك بابەتی تایبەت بە خوێندن و خوێندنگا بڵاوکردۆتەوە، لە ژمارە (6)دا بەناوی (مەعاریف و مەکتەب لە سلێمانی) باسی خوێندن و دەرفەتی ئێستای خوێندن و بڵاوکردنەوەی هەواڵی قوتابخانە و کردنەوەی قوتابخانەی نوێ و کردنەوەی مەکتەبی ئینتیدائی لە هەڵەبجە...هتد، لە پاڵ هەواڵەکەشدا پەیامەکە ئەوەیە: گوناهی نەخوێندن دەکەوێتە ئەستۆی خۆمان.

لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە) ژمارە (26)، لە نووسینێکی (محمود جەودەت) لەژێر ناونیشانی (هاوار معارف ڕێگای نەجاتە) دەڵێ: ((ئێمە دەردەدار جەهالەتین و دەرمان ئەم دەردەشمان معارفە))[55] ، لە بەشی دووەم ژمارە (27)دا دەڵێ: ((چونکە ئەگەر تەماشای هەموو ئەقوام و کائینات بکەین لە حاڵحازردا هیچ میللەتێك بەقەد میللەتی کورد بێ خوێندن بێ معریفەت، بێسنعەت نابینین ئەمە بۆ ئەم میللەتەی ئێمە کە ساحێب کولێ خولْق و عاداتی چاکە بن زۆر عەیبە))[56]. نووسەران و هۆشیارانی ئەو کات، نمونە بەشێوازی جۆراوجۆر دەهێننەوە، کە بە زمانی خەڵك بدوێن و هانیان بدەن.

لاوێکی کورد عەبدولواحید مەجید نووسینێك بەناوی (چۆن پێشکەوین) لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە)دەنوسێت، بەپێی نوسینەکە خوێندن بە یەکێك لەو ڕێگایانە دەزانێت، بۆیە نووسەر نمونەی وڵاتانی پێشکەتوو دەهێننەوە و وەك نەتەوەی کورد خۆی بەروارد دەکات و دەڵێ: ((هەموو میللەتێ کە زیندوو بووەوە ئەوەلجار هیمەتی دایە زمانەکەی خۆی، ئەگەر لێکی بدەینەوە لە دە دا دووی خوێندەوارمان بەکوردی قاقەز ناخوێنی، تەماشای غەزەتە و دیوانی کوردی ناکا و لەبەر ئەمەیە زو پێناگەین، زبان زۆر مقدسە، عەزیز و مبارەکە، حەیاتی میللەتە، شەرەف و ئەولادی ئەو میلەتەیە، ئێستاش لە حوجرەکانماندا هەر گلستان، بوستان هەزار کتێبی بێ فەڕ ئەخوێننرێ))[57]

حەسەن کوردستانی لە ڕواندز لە (گۆڤاری دیاریی کوردستان) لە نووسینێکی دا بەناوی (چەند خۆشە ئینسان چشتی کە لە دڵیایە بەزمان مادەرزادی خۆی بەیانی بکا)، نووسەر لە نووسینەکەیدا وێڕای باسکردنی گرنگی خوێندن نمونە هێنانەوە بەبیناکردنی وڵاتان بەهۆی خوێندن و خوێندەواری، پێی وایە پێویستە ئێمەش سەرمەشق بین، چونکە کورد ئێستا پێویستی بەخوێندنە، بۆ ئەوەی نەوەکانمان کوێر نەبن بتوانن شتێك بخوێننەوە[58].

لەبەر گرنگی خوێندن و خوێندەواری وەك پرسی، کە بەتایبەتی لەسەرەتای سەدەی بیستەم بەهەند وەرنەگیراوە، هەندێ جار ڕووبەری نووسینی ئەو بوارە زۆر زیاتر بووە لە بابەت و نووسینەکانی تر، تا ئاستێك تەواوی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە بۆ مەبەستی خوێندن و خوێندەواری تەرخانکراوە، بۆ نمونە جگە لەبەشێکی دوالاپەڕە نەبێت، تەواویی ژمارە (23)ی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) بۆ خوێندن و خوێندەواری تەرخانکراوە، وەك بابەتی (با خۆمان دەردی خۆمان بکەین)لاپەڕە (1)، بەتایبەتی لە نوسینەیدا (فایەق زێوەر) وەك پێویستییێك، کۆمەڵەیەك بۆ هاوکاریکردن و دامەزرادنی قوتابخانەی سەربەخۆ وەك قوتابخانەی ئەهلی بەپێویست دەزانێت، نەك تەنها پشت بە حکومەت ببەسترێت، تابتوانن بە شێوازی تازە و خۆیان پڕۆگرام ئامادەبکەن، خەڵکیش و بەخێر و زەکات و چاکە هاوکاری بکات، نووسەر نمونە بەژاپۆن دێنێتەوە، کە ژمارەی قوتابخانەکانی خەڵکی زۆر زیاتر لە قوتابخانەکانی حکومی. بابەتی دووەم بە ناوی (حیکایەتێکی خۆش) لاپەڕە (2-4)، وەك وەرگێڕانێك بۆ متمانەکردن و گەیاندنی کاریگەری بەشێوەی گفتوگۆ بەکارهاتووە، ئەختەری کچی جەمشید خان دەیەوێت، بایەخی بێ ئەندازەی خوێندن و خوێندەواری بۆ دارا کە لاوێکی نەخوێنەوارە و لای باوکی کاردەکات و ڕوون دەکاتەوە. هەموو ئەو جۆرە هاندانانە لەپێناو لابردنی ئاستەنگەکان و پەیداکردنی متمانە و دڵنیاییە بۆ هاوڵاتیان.

لە ژمارە (10)ی ڕۆژنامەی (ژیان)لە 25ی مارتی 1926 وێڕای داواکردنی مامۆستای کورد و پڕۆگرامی تایبەت و هەروەها داوای کردنەوەی دارولموعەلیمش دەکرێت، چونکە باوەڕی تەواویان بەوە هەبووە، کە ((میللەت بێ عیلم و عیرفان ناژی، عیلم و مەعریفە بێ مەکتەب نابێ، مەکتەب و مەدرەسە بێ موعەلیم نابێ و مەعاریفی هیچ میللەتێ لەسەر پرۆغرامێکی تر ناڕوا و پڕۆغرامێکی خصوصی ئەوێ، ئەگینا نە پێشکەوتنمان ئەبێ، نەسەکەوتنمان ئەبێ نەژیان)) بۆیە داوی هیمەت لە کاربەدەست و نوێنەران دەکەن.

ع.صوبحی لە ژمارە (60)ی 1927 ڕۆژنامەی (ژیان) لە هەڵەبجەوە لە ژێرناونیشانی (گفتوگۆیە: ئیفرات نەتەفریت)لە دەمەتەقێی نێوان (م. و ع) بڵاودەکاتەوە، دەیەوێت ئەو نەریت و کەلتورەی لە بەرامبەر چوونە مەکتەب بۆ تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵ کە باوەڕی پێش بڵاوبوونەوەی خوێندەواری بووە، بیرۆکەکانی خستۆتەڕوو، دواتریش بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە لەو دەمە تەقەیە هۆشیارییێکی کۆمەڵایەتی بڵاوبکاتەوە، وەك چوونە مەکتەبی کچان شتێکی باش و ئاساییە.

ڕۆژنامەی (ژیان) یەکێك لەو بابەتانەی لەناو خوێندن و خوێندەواری پرسیی خوێندن و خوێندەواری کچانە، وەك هاندن و خۆشەویستی و بانگەشە و هەواڵی جۆروجۆری مەکتەبی کچان بڵاو دەکاتەوە، وەك چالاکی نەقش و دورمان بۆ ژنان و هەروەها بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵەی کچان، دەتوانن ئەلفبێ و حیساب بخوێنن[59]. زۆر هەواڵی تری تایبەت بە مامۆستایان و کۆبوونەوە و قوتابیان...هتد.

### هەڵوێستی ڕۆژنامەنووسی وەك زمان حاڵی نەتەوە

تاڕادەیەکی باش بەپێی ئەو دروشمانەی ڕۆژنامەنووسی لەسەرەتای سەدەی بیستەم وەك خزمەتکردنی زمان و مێژوو و کەلتوری هەڵیان گرتبوو، کەم تا زۆر ئامانجەکانی خۆیان پێکاوە. هەڵوێستی ڕۆژنامەنووسی لەو کاتدا زۆر بوێرانە بووە، هەندێك پرس و بابەتیان ورژاندووە، وەك ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و ناڕەزایی و داوکاردنی مافەکانیان پێداگری کردووە، ئەگەر چی ئەم جۆرە هەناسەیە لە ڕۆژنامە و گۆڤارێکەوە بۆ یەکێکی تر لە ڕووی چەندایەتی و چۆنیەتییەوە جیاواز بووە، بەڵام بەگشتی جێپەنجەیان دیارە. خستنەڕووی هەواڵ و گازاندە و داواکارییەکانیان بەجۆرێك بووە، وەك زمانحاڵی خەڵك و پێداویستییەکانی کۆمەڵگا مامەڵەیان کردووە، جا ئەمە چ لە لایەن سەرپەرشتیارانی گۆڤارەکەوە بوو بێت، یان بەشداربوونی ڕۆژنامەکە بێت.

لە گۆڤاری (دیاریی کوردستان)ی ژمارە (30)دا هاتووە، لە یەکی مارت 1925 لەسەر بڕیاری موتەسەرفی معارفپەروەر بەفەرمی قوتابخانەیەکی سەرەتایی کرایەوە چوار پۆلی 110 کەسییە لەگەڵ، شەش مامۆستا، بڕیاردراوە مەکتەبی دیکەش بکرێتەوە، مامۆستا زێوەر لە نوسینەکەیدا لە حومەتی عێراق و نوێنەران داوا دەکات، کە دوو مەکتەب ئەگەر بۆ ئێستا بەسە، بەڵام بە پێویستی دەزانێت مەکتەبی کچان و پیشەسازیش بکرێنەوە منداڵانی هەژار و بێباوك و دایکیش بگرێتەوە ((هەرچەند ئەم دوو مەکتەبە حاڵ حازر بۆ منداڵانمان کافیە فەقەد لازمە کچەکان و منداڵە فەقیرە بێ باوك و دایکانیشما بێخوێندن و سنعەت نەمێننەوە وەکو لیواکانی تری مەکتەبێك ئیناس و سەناعیع بکرێتەوە))[60]، لەدوای ئەم نووسین و داواکارییەدا، بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەکان ساڵێ 1927 مەکتەبی کچان لە سلێمانی کراوەتەوە[61]، ئەم جۆرە دەسەڵاتە ڕۆژنامە نووسییە زۆر گرنگە، زۆرجار لە نووسینەکانی ناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ نوێنەران هەماهەنگ بووە و بەتایبەتی ئەو داواکارییەی کە پێشکەشی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کراوە، هەمان ئەو بابەتانە کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان وەك پرسی خوێندن و پێداویستییەکان زۆر قسەیان لەبارەوە کراوە ئەمەش بەڵگە و پەیوەندی دوولایەنەی نێوانیان بووە[62].

بەپێی سەرج خستنەسەر نووسین و هەواڵ و داواکارییەکانی ساڵانی 1924تا 1927، تایبەتەبە پرسی خوێندن و خوێندەواری و کردنەوەی مەکتەب، وردەوردە لەدوای ساڵانی 1927 داواکارییەکان بەدیهاتوون. مەکتەبی کچان لە ساڵی 1926 دەستی کرووە بە وەرگرتن و ناونووسینی کچان، ڕۆژنامەی (ژیان) لە ژمارە (78) لە بارەی کردنەوەی مەکتەبی کچان و هەوڵەکەی بە ئەمین زەکی بەگ دەڵێ ((وەزیری ئەشغال و مواصەڵات مەعالی ئەمین زەکی بەگ، کە کوردێکی میلەتپەروەر و وەتەنیە)) هەوڵی کردنەوەی مەکتەبی کچان لە ئەنجوومەنی نوێنەران سەرکەتووبوو، دواتریش بینانی قوتابخانەکەی بۆ دروستکردوون، لە ژمارە (79)ی ڕۆژنامەی (ژیان)یشدا لە ڕاپۆرتێکدا ڕێوڕەسمی دانانی بەردی بناغەی مەکتەبی کچان و بەهاندانی و خوێندنەوەی وتاری بۆ نەبوونی جیاوازی کوڕ و کچ و موتەسەرفیش ئامادەبووە و ئەمین زەکی و زێوەریش وتاریان بەم بۆنەیەوە پێشکەشکردووە.

دوای ئەوەی لە (ژیانەوە) لە ژمارە (34)دا لە نووسینێکدا لەژێر ناونیشانی (چیمان ئەوێ لە مەبعوسەکانمان) لە دەستپێکی نووسینەکەدا هاتووە کە کەموکورتییەکان هێندە زۆرن لەبواری خوێندن و پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی، بەڵام لە پێش هەموو شتێك ئاسایشە ((دووەمین لە مەبعوسەکانمان ئەپاڕێینەوە کە مەرحەمەت بفەرمون هەوڵمان بۆ بدەن بۆ دامەزراندنی وڵاتەکەمان ئەمجار لەپاش ئەوەی ئەوی بناغە بی بۆ گەورەیی و سەربەرزیمان معارفە و مەکتەبە،

مەکتەبە و معارف، یەعنی معارف معارف!...))[63]، ئەم تکا و پاڕانەوەیە بەهۆی پێویستی بوونی خوێندن و خوێندەوەرییە، بۆیە لە دوای هێمن و ئارامی وەڵات لە پلەی هەرە پێشەوەیان داناوە، هەروەك لە کۆتایی بەشی یەکەمی نووسینەکەدا داواکاریی خوێندن و قوتابخانە لە نوێنەرانی کورد دووپاتکراوەتەوە ((ئێمە ئەوەلەن بە پەلە ئیسترحامی ئەوە ئەکەین کە مەبعوسەکانمان بەهەموو هێز و قوەتی خۆیان هەوڵمان بۆ بدەن کە تەئمینی ئەمنیەت و سەربەستیمان بۆ بکەن، ئەمجار مەکتەب و مەعاریفمان بۆ بگەیێننە دەرەجەیەکی باش و لایەق))[64] تا ئەو کات یەك مەکتەب لە سلێمانی هەبووە ئەویش وەك لە نووسینەکەدا هاتووە پێی ناوترێت مەکتەب و ناچارییە، چونکە پێشتر تا 19ی تەموزی 1924 لەلایەن هێزی زەمینی عێرقی و بەریتانیا بەپشتیوانی هێزی شاهانەی بەریتانیا داگیرکرا و شێخ مەحمود و هێزەکانی کشانەوە بۆ شاخەکان، بەیەکجاری سلێمانی وەك لیوا خرایە سەر عێراق[65]

دوای ڕۆژنامەی (ژیانەوە) کە ڕۆژنامەی (ژیان) دەرچووە ئەم پەیامە بەردەوامی هەبووە، بەدوو زنجیرە لە ژمارە (9)ی مارتی 1926 بە ئیمزای (کوردی) نامەیەکی کراوە بۆ (مەبعوسە موحتەرەمەکان) وێڕای ئاماژەدان بەسەردەمی زانست و زانیاری و نمونە هێنانەوە بە جوتیار و بازرگانی، کە بێ نەخوێندەواری، چ جیاوازیێك و کەم ئەزموونی و ئەزیەتێکی هەیە، وەك نوێنەری خەڵك داوایان لێدەکان بڕواننە حاڵی خەڵك و خوێندن و پیشەسازی ((ئەوانە وەزیفەی مەودوعەی ئێوەیە... ئەوە کۆیە، هەولێر، ئاکرێ و زاخۆ، دوو مامۆستای وای تیا نییە کە بە کەڵك بێ و کوردی بزانن و مناڵەکانمان تێ بگەیەنن، کەچی ئەوە عەممارە، مەجەر، دیوانیە، بەصرە، عانە، هەریەکە یەکو دو موعەلیمی کوردی لێیە، بۆچی ئەوانە لە وڵاتی خۆیان دەربەدەربن و وڵاتەکەی خۆمان لەبەر بێ موعلیمی داما و پەکەتووبێ. ئەمە چۆن پێشکەوتنێکە؟)). لە زنجیرەی دووەمدا هاتووە ((تەڵبەی کورد ناتوانێ بە فەصاحەتی عەرەبی عیلم و فەن فێرببێ و تەحصیل بکا، هەموو تەڵەبەیەکی کورد ئیستعدادی فێربوونی ئەم عەرەبییە قورسەی نییە))، ئەم جۆرە پەیامە وەك نووسین، بۆ داوکردنی مافی خوێندن و نووسین هەماهەنگی کاری ڕۆشنبیران و بەرپرسانی حکومەتە، بەتایبەتی لە لای نوێنەرانی کوردەوە، وەك پێشنیاز داواکاری و بەدواداچوون زۆردار بەپێی هەواڵی رۆژنامەکان، کارەکان جێبەجێکراون.

لە ژمارە (10)ی ساڵی 1927 (ڕەئیس وەزرای عێراق لە ڕواندز) حوسێن حوزنی وەك ڕۆژنامەنووسێك وەك ڕاپۆرتە هەواڵێك سەردانێکی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ قوتابخانەیەکی ڕواندز و قوتابخانەی ڕواندز ئامادەدەکات، وەك لە ڕاپۆرتە هەواڵەکەدا هاتووە، سەرۆك وەزیران وێڕای هەواڵپرسینی کاروباری خوێندن، لە مامۆستایەك بە ناوی عەبدوڵا صبر ئەفەندی پرسیاردەکات، کە داواکاریان چییە، بۆیان جێبەجێ بکات، مامۆستاش لە وەڵامدا دەڵێت هیچ کەموکورتییێکمان نییە، بەڵام حوسێن حوزنی خۆی دێتەوە وەڵام، کە کەمووکورتی لە مەکتەب زۆرە مامۆستا پەشۆکاوە بۆیە هیچ داواکارییێکی نییە، بۆیە خۆی داواکارییەکان باس دەکات، بەتایبەتی وەك ڕۆژنامە نوسێك زۆر ئاگاداری هەواڵەکانی خوێندن و کەموکورتییەکانی خوێندنە، بەتایبەتی قوتابخانەی ڕواندز، کە گۆڤاری (زاری کرمانجی 1926-1932) لە ڕواندز دەرچووە[66].

بڵاوکردنەوەی هەندێك هەواڵ وەك بایەخدانی دەسەڵاتداران و دەستکەوت و دەبینکردنی پێویستییەکانی قوتابخانە، بۆ ناوخەڵکیش ئەم هەواڵە بۆ هاندان و بەتەنگەوەبوون جێی بایەخە. لە ژمار (50)ی ساڵی 1925 لە لاپەڕە (1) ئەنجومەنی مەعارف 12ی 11ی 1925 بە سەرۆکایەتی متەسەریف کۆبووە، چەند بڕیار و ڕاسپاردەیەك پەسەندکراون، وەك لە خاڵی دووەم بەپێویست زانرا بۆ چاپی کتێب و خوێندن ئاسانکاری بکرێت، هەروەها لە ژمارە (49)ی ڕۆژنامەی (ژیان)ی ساڵی 1927 وەك موژدەیەك و هەواڵ بە ناوی (لەسەمای مەعاریفدا ئەستێرەیەکی قیمەتدار) چاپکردنی کتێبی ئەلفبێی کوردییە، بە چەشنێکی تازە لە لایەن (ئەحمەد ئەفەندی عەزیز ئاغاوە) دانراوە و لە لایەن وەزارەتی مەعارفیشەوە پەسەند و چاپکراوە، فەرمان بە خوێندنی کراوە، سوپاس و پێزانینی خۆیشی پێشکەش دەکات.

حوسێن حوزنی بە ناوی داماو لە یەکێك لە نووسینەکانی خۆی، بەناوی (مەکتەبی کوردستان لە بری سەکەوتن بەرەواژوو دەچێت) بڵاودەکاتەوە. لەبەشێکی نووسینەکەیدا حوسێن حوزنی وەك ڕۆژنامەنووسێك و کوردپەروەرێك خۆی ئاگاداری پرسی خوێندن بووە، گرفتەکانی بەردەم زمانی کوردی و نەخوێندی کوردی باش ئاگاداربووە و دەڵێ ((جێگایەکی وەکو شەقڵاوە کە بۆخۆم چوومە مەکتەبەکەی وەچاوم پێکەوت حروفێی کوردی نەکەتە بەرچاوم مدیری ناحیەی شەقڵاوە بۆچی دەبی چاو لەوە بقوچێنیت ئەگەر کوردبیت؟))[67]، ئەم هەڵوێستە وێڕای بوێری، بەجێهێنانی کارێکی گرنگی ڕۆژنامەنووسییە. ((لەو کاتەدا لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە بڕیاردرابوو، کە لە باشوری کوردستاندا زمانی کوردی ببێتە زمانێکی ڕەسمی، بەڵام ئەوەندە کاری پێنەکرابوو، پشت گوێخرابوو، کەچی زمانی عەرەبی لە برێتی ئەو

بەکار دەهات، زاری کرمانجی لەبارەی ئەو کێشە مەزنەوە ببوو بە زمانی حاڵی گەلی کورد و وەك دەسەڵاتی چوارەم داکۆکیێکی تەواوی لە هێنانەدی ئەو مافە ڕەوایەی کوردی کردووە))[68] .

ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو کات بەهۆی کوردپەروەری و دڵسۆزی خۆیانەوە زۆر پێشیاز بۆ کاروباری خوێندن بکەن و ئاگاداری ڕەوشەکەش بوون و زۆرجاریش داواکاریەکەیان جێگای خۆیان گرتووە، بۆ نمونە لە ژمارە (2)، (بەناونیشانی ڕواندز ئەمڕۆ و ڕواندز دوێنێ و ڕواندز سبەینێ) لە ساڵی 1926 هەمان ساڵی دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری زاری کرمانجی ئەو هەواڵە بڵاودەکاتەوە، منداڵانی شار لە مەکتەب بە زمانی خۆیان دەخوێًنن، حکومەت فەرمانی داوە دوو مەکتەبی تر لە ڕۆست و باتاس دروست بکات، لەپاڵ هەواڵەکەشدا داوا دەکات و پێی وایە مەکتەب بۆ گوندەکانی ئاکۆیان و باڵەکیان و دەرگەڵە پێویستە[69].

حوسێن حوزنی بەناوی خدۆك وتارێك دەنووسی بە ناوی (مەکتەبەکانی سلێمانی دوێنی و ئەمڕۆکە) وێڕای باسکردنی سلێمانی لە ڕابردوو وەك ناوەندێکی خوێندن و زانیاری و حەزکردن بۆ زانست و زانیاری و هونەر وەسف دەکات, بەتایبەتی هەبوونی مەکتەبی ڕوشیدیە, دواتر چوون بۆ بەغدا و ئەستەمبول و پێگەیاندنی زۆر کەس، حوسێن حوزنی خۆشحاڵی خۆی بۆ کردنەوەی مەکتەبی منداڵان و کردنەوەی مەکتەبی متەوەستە لە ساڵی 1929 لەسلێمانی کە بە ئومێدێکی زۆر گەورەی ناودەبات و لە بارەی مەکتەبی کچانیش دەڵێ ڕۆژ بەڕۆژ پێش دەکەوێت، بڵاوکردنەوەی هەواڵ و پیاهەڵدان و ستایشکردنی ئەو هەوڵانە بایەخیکی گرنگی ڕۆژنامەنووسی هەیە، کە وەك سەرنووسەر ئگاداری ورد و درشتی کاری پەروەردەیی بووە و بە بایەخەوە لێی ڕوانیوە.

**ئەنجام**

- یەکێك لەو پرسە گرینگانەی کە لە ڕۆژنامەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم لە کوردستانی باشور بایەخی پێدراوە، پرسی خوێندن و نووسینی کوردییە، وەك بوژانەوە و هاندانی زمانی نووسین و کردنەوەی قوتابخانە بە زمانی دایك و پاکردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە.

- هاندانی خەڵك بۆ خوێندن و خوێندەواری بە زمانی دایك و دروستکردنی متمانە و باوەڕهێنان بە خەڵك بۆ چوونە قوتابخانە، ئامانج و پەیامی ڕۆژنامەنووسی ئەو کات بووە، جۆرەها شێوازی نووسین و بەڵگە هێنانەوە، لە نووسین و ژانرەکانی ڕۆژنامەنووسی بەکارهاتووە.

- ڕۆژنامەنووس و هۆشیارانی ئەو کات لە ڕێی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، دڵسۆزانەوە و بوێرانە وەك دەسەڵاتی چوارەم بەتەنگ پرسی زمان و خوێندن و نووسینەوە بوون، بە پێشنیازەکان و دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکان لە چارەسەرکردنی زۆر گرفتەکان هاوبەش بوون.

- بەپێی بابەت و هەواڵەکانی ناو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان، هۆکاری دەرەکی وەك دەسەڵاتی ئەو کاتی عێراق و بەشێك لە دەسەڵاتدارانی کورد و هۆکاری ناوەخۆیی وەك نەبوونی هۆشیاری ئاینی و کۆمەڵایەتی بارودۆخی سیاسی کۆسپ بوون لەبەردەم پێشکەوتنی زمان و خوێندەواری.

---

[1] خانزاد عەلی قادر، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، 2004، ل111 .
[2] بڕوانە: لێکۆڵینەوەکەی نەوشێروان مستەفا ئەمین، دیاری کوردستان (1925-1926)، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح- لێکۆڵینەوە نەوشێروان مستەفا ئەمین و سدیق ساڵح، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2001، ل24.
[3] سەلام کەریم، زمان و ڕۆژنامە "لێکۆڵینەوە لە زمای ڕۆژنامەنووسی و وەرگێڕَان"، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، 2005، ل 62.
[4] گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە (1)ی ساڵی 1926، ل1.
[5] ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژمارە (36)، ساڵی 1925، ل1.

[6] ڕۆژنامەی پێشکەوتن، 1920، ل 2-4.
[7] د.محمد دلێر ئەمین میسری، ڕۆژنامەنوسی کوردی و بزوتنەوەی ئەدەبی لە سایەیەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی کورددا "لە مێژووی هاوچەرخدا" (1922-1924)، چاپکراوی شارەوانی سلێمانی، سلێمانی، 2004، ل170 .
[8] ڕفیق سالح و سدیق سالح (ئامادەکردن)، یادگاری لاوان و دیاری لاوان، چاپی دووەم، بنکەی ژین، چاپخانەی ژین، سلێمانی، 2005، ل9-10 .
[9] بەهۆی خراپی چاپ، لەو دەستەواژەیە دڵنیا نەبووین، پێدەچێت (کردن بیان)بێت، بەڵام لە ڕووی ڕێزمانی گونجاو نییە.
[10] گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە (4)ی ساڵی 1926، ل15
[11] نەوشێروان مستەفا ئەمین، ژیان بە تەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی (1926-1938)، حەفتەنامەی سلێمانی نوێ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2002، ل 257 .
[12] مستەفا ساڵح کەریم، باخێك لە وشە و گەشتێك بە ژیاننامەی پرشکۆی پیرەمێرددا، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2006، سلێمانی، ل 88.
[13] ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (332)، ل1.
[14] مستەفا ساڵح مستەفا، پەخشان لە گۆڤاری زاری کرمانجی (1926-1932)، 2008، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەددین کۆلێژی زمان، 2008
[15] بڕوانە: گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە (4)، لاپەڕە (15).
[16] چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کەمال مەزهەر، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژ9، 2002، ل92 .
[17] دامەزراندنی یانەی سەرکەوتن لە بەغدا بەسەرپەرشتی مەعروف جیاووك و کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیر و قوتابیانی کورد، بەبڕیاری وەزارەتی ناوخۆی عێراقی ئەو یانەیەی دادەمەزرێنن.
[18] گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمار (23)ی 1930، ل13.
[19] د. قیس کاکل تۆفیق، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمانی" ڕوانینێك"، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر، 2007، ل12-13 .
[20] گۆڤاری دیاری کوردستان، ژمارە، پێنج، ساڵی 1925، ل7.
[21] گۆڤاری دیاریی کوردستان، ژمارە (15)، ساڵی (1926)، ل15
[22] خەڵات موسا یوسف، زمانێ نەتەوەیی و دژایەتی کردنی دتەڤگەڕا ڕزگاریخوازا کوردیدا، دەزگای سپیرێز، چاپخانەی حاجی هاشم/ هەولێر، ل134.
[23] هەمان سەرچاوە, ل135.
[24] نەوشێروان مستەفا ئەمین، ژیان بە تەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی (1926-1938)، ل 174.
[25] ژیان ژمارە (118)، 21ی حوزەیرانی 1928.
[26] گۆڤاری (زاری کرمانجی)، ژمارە (9)، ساڵی 1928، ل7.
[27] لەڕۆژنامەی ژیان دوو کەس زیاتر نووسراون جەمال بابان نائیبی هەولێر، سەیفوڵا، نائیبی سلێمانی، بڕوانە نەوشێوان مستەفا، ژیان بەتەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی (1928-1938)، ل167، لە گۆڤاری زاری کرمانجی نووسراوە، دادود حەیدەری لەبەر ئەوەی وەزیفەکەی وەزیری عەدلە و پۆستەکەی ڕێگرە بۆ ئیمزاکردن، هەروەها نائیب حازم شەمدینان مۆڵەتدراوە و لە زاخۆیە بۆیە ئیمزای نەکردووە. بڕوانە: گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە (5)، ساڵی دووەم، 1928، ل 7.
[28] گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە (5)، ساڵی دووەم، 1928، ل 7.
[29] ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژمارە (13)، ساڵی 1924، ل2.
[30] د.محەمەد عەبدوڵا کاکە سور، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عێراق دا (1921-1953)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، زنجیرە بڵاکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، هەولێر، 2004،ل 139.
[31] هەمان سەرچاوە، ل 139.
[32] گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە 22، ساڵی 1930، ل10-12.
[33] بڕوانە: گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە 22، 1930، لاپەڕە 11
[34] د.محەمەد عەبدوڵا کاکە سور، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عێراق دا (1921-1953)، ل64-65.
[35] نەوشێروان مستەفا ئەمین، ژیان بە تەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی (1926-1938)، ل116.
[36] هەمان سەرچاوە، ل116.

37 محەمەد عەبدوڵا کاکە سور، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عێراق دا (1921-1953)، ل83.
38 گۆڤاری زاری کرمانی، ژمارە (23)، ل1.
39 هەمان سەرچاوە، ل3.
40 حوسێن حوزنی موکریانی، لامەرکەزییەتی کوردان، ژمارە (10)، ل2
41 هەمان سەرچاوە، ل4.
42 هەمان سەرچاوە، ل4.
43 هەمان سەرچاوە، ل4
44 گۆڤاری زاری کرمانجی ژمارە (22) ساڵی (1930)، ل4.
45 خەڵات موسا یوسف، زمانێ نەتەوەیی و دژایەتی کردنی دتەڤگەڕا ڕزگاریخوازا کوردیدا، ، ل70.
46 گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە (12)، ساڵی 1928، ل4.
47 هەمان سەرچاوە، ل4.
48 گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە (21)، ل5.
49 هەمان سەرچاوە، ل5.
50 هەمان سەرچاوە، ل5.
51 هەمان سەرچاوە، ل5.
52 گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە (20)، ساڵی 1929، ل1.
53 بڕوانە: ژمارەکانی (16، 4،8،17،19،24،23)
54 بڕوانە: ژمارەکانی گۆڤاری (زاری کرمانجی) ژمارە (2)لاپەڕە (2) ، ژمارە (4) لاپەڕە (13)، ژمارە (7) لاپەڕە (28)، ژمارە (3)، لاپەڕە 24.
55 ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، ژمارە (26)، 1926، ل4.
56 هەمان سەرچاوە، ل3.
57 هەمان سەرچاوە، ل3.
58 گۆڤاری دیاریی کوردستان، ژمارە (7)، ل 5-6.
59 بڕوانە: ژمارەکانی ڕۆژنامەی (ژیان)، ژمارە (242)ی، ساڵ 1930، ژمارە (329)ی ساڵی 1932. ژمارە (240) ساڵی 1930.
60 گۆڤاری دیاریی کوردستان، ژمارە (30)، ساڵی 1925، ل2.
61 بڕوانە: ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە 78-79.
62 بۆ دەقی داواکاری نوێنەرانی کورد لە بەغدا بڕوانە: بابەتی پرسی خوێندن و زمانی کوردی لە نێوان ماف و ناسنامەدا، ل13
63 ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژمارە (34)، 1925، ل.4
64 هەمان سەرچاوە، ل4.
65 نەوشێروان مستەفا ئەمین، ژیان بە تەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی (1926-1938) ، ل110
66 گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە (10)، ساڵی 1927، ل22-23.
67 گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە (22) ساڵی 1930، ل3-4.
68 هەمان سەرچاوە، ل4.
69 گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە (2)، ل2.